# گەڕان بە دوای پێناسەیەك بۆ
# بونیاد گەرایی ئیسلامیی

نووسینی : ئەیوب ئەیوب زادە

خەزەڵوەری 2015ی زایینی

# پێرست

گەڕان بە دوای پێناسەیەک بۆ بونیاد گەرایی ئیسلامیی................ 3

پێشێنەی مێژوویی چەمك و واتای بونیادگەرایی............................ 7

مەبەست لە بونیاتگەرایی ئیسلامیی.......................................... 19

رەواننناسیی بونیادگەرایی ئیسلامیی........................................ 23

بەهەشتی ونبووی بونیادگەرایی............................................... 31

ئینتەرناسیۆنالیزمی خەیالیی................................................. 48

ئاین و سیاست لە روانگەی بونیادگەرایی ئیسلامییەوە.................... 53

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەکۆ و زێدی بونیاتگەرایی ئیسلامییە.......... 61

زەمینە و هۆیەکانی گەشە و سەرهەڵدانی بونیاد گەرایی ئیسلامیی..82

جیهانی ئیسلام و ڕۆژئاوا..................................................... 83

هاتنی مودیرنیتە............................................................... 86

شکستی سێ ئیدئۆلۆژی........................................................ 93

سەرچاوەی ئەڵمانی ........................................................... 99

سەرچاوەی کوردی و فارسی ................................................ 106

## گەڕان بە دوای پێناسەیەک بۆ بونیاد گەرایی ئیسلامیی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی بونیادگەرایی ئیسلامیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرویی ئەفریقا تین و گوڕێکی بێوێنەی بەخۆیەوە گرتووە. ئەو هێزەی کە تەنیا جاران دەیتوانی لە قاوخی دەستەیەکی بچووکی وەک فیداییانی ئیسلام لە ئێران و لە سوریە و ئەلجزایر جموجۆڵ لە خۆی بنوێنێ، لە سالانی پێش کۆتاییهاتنی ئەم سەدەیە و بەتایبەتی لە دوای بڕانەوەی شەڕی سارد لە هێندێک وڵاتدا توانی زۆر بە سانایی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و، لە هەندێکی تریش شەپۆلی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵک بە دژی ناوەند بقوزێتەوە و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە ئێران بونیادگەرایی ئیسلامی توانی ڕێبەری ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی 1357 ی هەتاویی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی قۆرخ بکا و نیزامێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ. لە ئەفغانستان تالیبان توانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەسەڵاتی ڕەش و بێبەزەییانەی خۆی لەو وڵاتە بسەپێنێ. لە سودان بونیادگەرایی ئیسلامیی توانی لەڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵات بگرێتەدەست. هەر لە درێژەی ئەم

دۆخەدا لە وەڵاتانی میسر و لوبنان و عێراق و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیویانە ڕەوتی بەهێز بوون و بەخۆداهاتن بپێون. لە ناو هەناوی ئەو بارووددۆخە دا هاتنەئارای دەوڵەتی ئیسلامیی عێڕاق و شام، ناسراو بە داعش وەک هێزێکی تاوانکار و دڕندەی تر، دەتوانین بەم لیستەیە زیاتر بکەین. بەم جۆرە وەک دەبینین دیاردەی بونیادگەرایی ئیسلامیی بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێیەمی گرتووتەوە و کەمتر ڕووداوێکی خوێناویی و بێبەزەییانەی وەک سەربڕین و سووتاندن و تەقاندنەوە بەدیناکرێ، جێی شەقڵ و مۆری بونیادگەرایی ئیسلامیی پێوە دیار نەبێ. ئەگەر لەسەدەی بیستەم دا کێبەرکێی نێوان بەرەی وەڵاتانی سوسیالیستی و سەرمایەداری باڵی بەسەر گشت بابەتەکانی تر دا کیشابوو، لە سەدەی ئێستاشدا هەموو نیشانەکان لەوە دەدوێنن ناوندی هەموو کیشەکان، بە ململانێی نێوان بونیادگەرایی ئاینی و دێمۆکراسیخوازێدا تێپەر ببێ. ئەم دیمەنە، لە کاتێکدایە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لایانوابوو، بە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کومەڵگە مودێڕنەکان، ئەوا ئاینیش تووشی جۆرێک لە پەراوێزنشینی دەبێ. ئەو تێڕوانینەی کە مارکس و دوورکهایم و ماکس فیبەر، هەر

هەموویان تێیدا پشکداربوون ئەوە بوو، کە ئاینی نەریتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیهانی مودێڕندا پێگەی خۆی لە کیس دەدا و دنیایی بوون پروسەیەکی نەگۆڕە لە نێوان ئەو سێ کومەڵناسەدا. بەڵام لەوانەیە، تەنیا فیبیەر توانیبای ئەو بابەتە روون بکاتەوە کەوا ئاینێکی نەریتی وەکو ئیسلام سەر لەنوێ هەلە سوون بێنێتەوە، و ببێتەبنەمای گۆڕانکارییە گرنگە سیاسییەکانیش لە کوتاییەکانی سەدەی بیستەم. ئەمەش لە راستیدا هەر ئەو شتەیە کە لە دەیەی ساڵی 1980 لە ئیران روویدا و لە ساڵانی دووابیشدا بوو بە دیاردەیەکی گشتکر لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.

ئەم نوسینە هەوڵێکی بابەتییانەیە بۆ پێناسەکردنی دیاردەی بونیادگەرایی ئیسلامی و لاکردنەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیارەیە. یەکەم پرسیارێکی کە لە نێوان ئەو باسەدا دێتەپێشێ، ئەوەیە کە بزانین بونیادگەرای ئیسلامیی چیە و لە چ هزر و ئایدولوژیایەکەوە سەرچاوە دەگرێ و شوێنکاتی چاوتروکانی لە کوێیە و تەمەنی، دەگەڕێتەوەبۆ کەی و هۆکارەکانی لە چییەوە سەرچاوەدەگرن. *ئێمە هەتا پتر لە ماناکانی بونیادگەرایی قووڵبینەوە، هەر بەو رادەیە پتر هێزی بەرنگاربوونمان لا*

*دروستدەبێ و، باشتر قوڵایی ئەو برینەمان لا وێنا دەکرێ.*

ئەم نووسینە بەو روحییەتەوە هاتووەتە بەرهەم، تا لە سە رێکەوەوەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە و لە سەرێکی دیکەشەوە پێمان بڵێت مەترسییەکانی ئەم دیارەدەیە لە دنیای ئیمەدا لە چیدایە و تا چەندەیە. واتە لەگەڵ ئەوەی نامەوێ بانگەشەی ئەوە بکەم، وەڵامێکی خەست و خوڵم بو هەموو باس و خواسەکانی پێوەندیدار بەو دیاردەیە داوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەتوانێ وەک دەروازەیەک، یان سەرەتایەک بۆ وروووژاندنی ئەو باسە بخاتە روو.

## پێشێنەی مێژوویی چەمك و واتای بونیاد گەرایی

بونیادگەرایی ئیسلامی کە لە چەند ساڵی ڕابردودا بە جوڵانەوەکانی ئیسلامی لە جیهانی سێهەم دەگوترێ، لە ڕاستێدا مێژووی بە کارهێنانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ کلێسەیی مەسیحی. واتا ئەو کاتەی کلێسەی مەسیحی، بە هیچ چەشنێ نەیدەویست خۆی لە گەڵ کلتوور و شارستانیەتی نوێ ڕێک بخات و چاوکانی و بنەماکانی خۆی لە خاڵی بەرانبەری ئەو گۆڕانکاریانەدا دەدیت، لە لایەن ڕوناکبیران و کۆمەڵناسانی ئەوسای کۆمەڵگەی ئۆروپاییەوە ، نازناوی فوندەمینتالیزمی بە سەر دا دابڕا.

لە مێژووی هاوچەرخی ئورووپا دا ، سەرکەوتنی شۆڕشی فەرانسە بە دەستپێکی گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووریی سەرجەمی هەموو ئەو ولاتانە دەژمێردرێ. ئەو شۆرشە توانی لە هەناوی خۆیدا، لە لایەک حکومەتی "سکۆلار" بو هاولاتیانی دەستەبەر بکا و، لە لایەکی ترەوە کۆتایی بە دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتی کلێسە بێنی و دین و دەولەت لەو ولاتە لەیەکتر جیابکاتەوە.

کلێسەی مەسیحی لە ئاست ئەم بارودۆخە نوێیە، واتە پێکهێنانی دەوڵەتی سکۆلار و ڕزگاربوونی کۆمەڵ لە کۆت و بەندی نیزامی فئودالی و پەرەگرتنی تئوری زانستی، بە تایبەتی نەزەریەی تێزی "داروین" لەو سەردەمەدا، نەیدەتوانی چی دیکە بێدەنگی بگرێتە پێش و لە قاوخی خۆیدا خۆ مات بکا و دژ کردەوەیەک لە خۆی نیشان نەدا. بۆیە کلێسە بۆ بەرگری لە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەستی بە بەربەرەکانێی بەربڵاو کرد. لێرەوە، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمەوە ململانێیەکی بێ نێوەبەر لە نێوان دەسەڵاتی "شەرعی" و دەسەڵاتی" عورفی" دەستی پێکرا.

لەو قۆناغەدا کلێسە بە توندی لە سەر ئەو باوەڕە بوو، هەر وەک چۆن "ڕۆح" و "لەش" (سەرەڕای هەموو جیاوازیەک لە چلۆنایەتیاندا) لە تەواوی ماوەی ژیانی مرۆڤ بە یەکەوەن و لە یەکتر هەڵنابڕێن ،هەر بەو چەشنەش "کلێسە" و "دەوڵەت" یش لە یەکتر جیا نابنەوە و تەواوکەری یەکترن. ئەم بیرە بە هاتنە مەیدانی ئەمبڕواز قدیس و ژرۆم قدیس و گرێگوری قدیس بە پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت.

لەو نێوەدا، "ئەمبڕواز" بە توندی بەرگریی لەسەربەخۆیی و

ڕەوایەتی ڕەهای دەسەڵاتی کلێسای بەسەر هەموو وڵاتدا دەکرد و لایوابوو کلێسا نە تەنیا مافی ئەوەی هەیە لە گشت کاروباری ئاینی دا "دادوەر"ی بکا، بەڵکو بۆی هەیە لە تەواوی بوارەکانی ژیانی مەسیحیان و یەک لەوان ئیمپراتۆریش دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بکا و ڕاپەراندنی ئەو ئەرکەی بە ئەرکێکی " ئیلاهی" لە قەڵەم دەدا.

ئەم دۆخە، بە هاتنە مەیدانی قەدیس "ئاگۆستین" وەک یەکێک لە گەورەترین زانایانی مەسیحی ئەوسەردەمە تین و گوڕێکی پتری بەخۆیەوە گرت. لەو قوناخەدا "ئاگۆستین" بە نووسینی دوو کتێب بە ناوەکانی "شاری خودا" و "ئێعترافات" تین و هێزێکی تایبەتی بە لایەنگرانی ئایینی مەسیحی دا.

ڕوانگەکانی ئاگۆستین سەبارەت بە کۆمەڵگە، بەو دووالیزمەوە پەیوەست بوو، کە لە نێوان دوو جیهانی ئاسمان و زەوی دا هێنایەئاراوە. ئەو دووالیزمەش بەند بوو لە سەر ململانەی نێوان چاکە و خەراپە بە مانا دینییەکەیەوە. واتە بەلای ئاگۆستینەوە کۆمەڵگە لەسەر دووانەی چاکە و خەراپەوە بونیاد نراوە و جیهان بە سەرئەم دوو جەمسەردا دابەش بووە. ئەم دوو جەمسەرەش

بریتین لە شاری ئیلاهی و شاریی خاکیی بە مانای دانیشتوانی سەر زەووی. شاری ئیلاهی و ئاسمانی ئەو کاتە هاتە ئاراوە کە یەزدان فریشتەکانی دروست کرد و ئەمانیش بوونە یەکەمین دانیشتوانی ئەو شارە. بەڵام دواتر ئەو شارە بووە جێ و شوێنی ئەو پیاو چاکانەش کە ژیانیان بو پاکژ بوونەوە لە تاوان و خراپەکاریی تەرخان کردەبوو.

ئاگۆستین لە درێژەی کارەکەیدا دینی مرۆڤایەتیش بە دوو کەرت دابەش دەکات:

شاری ئیلاهی لە سایەی سەری پیاوچاکان و هیمەت و بەرەکەتی مەشایخان و فریشتەکانەوە، بەو پەڕی دڵئاواییەوە ئامێزی بۆ بەختەوەریی مرۆڤەکان گرتووەتەوە. ئەم شارە ئاخندراوە لەوانەی کە بڕوایان بە یەزدانی مەزن و تاک لە رابردووو و ئێستا و داهاتوودا هەیە. لەم لاشەوە شاری خاکیی وەستاوە، کە بە هۆی ڕاستەوەبوونی شەیتان، تەژیی لە گوناح و بەریی لە پاکژیی و راستییە. هەر لەو ڕوانگەیەوە، شاری خاکیی کە لەگەڵ هاتنە خواریی ئیبلیس لە ئاسمانەوە بۆ سەر زوەوی دروست بووە و لە کۆمەڵە خەڵکێکی دونیا پەرەست وتەماح کارو "ئیدە لە

زەوق" درگای لە سەر گالە دراوە. لیرەوە مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە درێژبوونەوەی لایەنی چاکە و خراپە. ئەو گوناهەی ئادەم کردی وەک میراتێك بۆ سەرجەم مرۆڤاییەتی جێماوە، بەڵام هەندێ توانیویانە خۆیان لەو گوناهە بشورنەوەو ببنە ئەندامێک لە شاری یەزدان. هەر لە درێژەی ئەم شێوە بیرکردنەوەیدا بوو، نەزەریەی "تیئۆکراسی" بە واتای حکومەتی ئیلاهی یا خود ڕوحانیۆن بۆ یەکەم جار لە جیهانی مەسیحیەتدا تێۆریزە دەکری و بە گوێرەی ئێلاهیاتی ئاگۆستین دەسەڵاتی "عورفی" دەبێ بە تەواوەتی لە ژێر حوکمی دەسەڵاتی شەرعیدا بێ، ئەم مەسەلەیەش ڕاستیەکە، کە لە هێز و توانای بێ سنووری خواوەندی مەزنەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەگەر وانەبێ دەوڵەت لە شاری خوای مەزن دوور دەکەوەیتەوە و لە شاری خوا دەردەکرێ و رەوایەتیی خۆی لە کیس دەداد. بە گوێڕەی نەزەریەی ئەو، دەوڵەت پێویستە بە وێنەی باسێکی "دونیایی" لە خزمەت کلێسا دابێ و خوزیا و بریاکانی دە سەڵاتی ڕۆحانی لە سەرەوەی هەموو شتێکی ترەوەبێ. لەو نێوەش دا دەزگای دەوڵەت، تەنیا کاتێ دەتوانێ خاوەن رەوایەتێ بێ، کە بەتەواوەتی هەڵگری جەوهەر و سروشتێکی مەسحیی بێ. چونکە ئاگۆستین پێی وابوو، کاتێ

دەسەڵاتی عورفی لە کلێسا دوور بکەوێتەوە ئیتر ناتوانێ هەڵگری پەیامی مەسیحیەت کە "عەداڵەت و هەق وێژییە"، لە خۆدا کۆبکاتەوە و لە ئاکامدا دەوڵەت دەکەوێتە خانەی دژایەتی لەگەڵ مەسیحیەتەوە. هۆی ئەوەش لەو روەوەی دەزانێ، لە ڕوانگەی کلێسای مەسیحیەوە، ئەوەی لە "تەوڕات و ئینجیل" دا تۆمار کراوە، لوتکە و نوێنگەی ڕاستیی حاشا هەڵنەگرن و جیهانی مەسیحیەت ناتوانێ لە ئاست ئەم دیاردە گرنگە چاو بنوقێنێ و ئەوەی لە کتێبی "موقەدەس"دا هاتوە بە پیرۆز دەژمێردرێ و بۆ گومان لێ کردن ودوودڵیی لێکردەن نابێ.

بە کورتی بڵێین نەزەریەی تئۆکراتێکی"ئاگۆستین" و ژمارەیەکی تر لە زانایان و خاوەن بیرانی کلێسای مەسیحی، سەرەڕای ململانێیەک کە لە نێوان دەوڵەت و کلێسەدا لە ئارادا بووە، وەک بیرێکی زاڵ پێڕەوی لێکراوە. بە جۆرێک کە پاشاکانی ئەو سەردەمە سەرەڕای هەموو قین لە دڵییەک کە لە بەرانبەر کلێسەدا بوویانە، ناچار بوون لە ئاست پاپ مل کەچ بن و مەڕاسیمی تاج لە سەر نانی پاشاکان تەنیا بە بەشداری وئیزنی کلێسەوە دەیتوانی رەوایەتی خۆی وەر بگری. بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمەوە

پارسەنگی هێز بەرە بەرە بەرەو گۆڕان ملی پێوەوەنا. لەو کاتەدا ئورووپا سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بەجێ دە هێڵێ و پێ دنیتە ناو سەردەمێکی تازە، کە مێژووی خۆی و مێژووی سەرجەم جیهانی مرۆڤایەتی بەتەواوی دەگۆڕێت ودەیخاتەسەر رێرەوێکی نوێ. ئوروپاییەکان لەو کاتەدا بە توندیی رابردووی خۆیان دایە بەر رخنە کە بە سەدەکانی ناوەڕاست بە ناوبانگە و گەلێك لە ترادیسسونە هزری، فەرهەنگی و ئاینییەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست پێداچوونەوەیان بە خۆیانەوە بینی. لەو نێوەشەدا بزافی ریفورمی ئاینی بەشبەحاڵی خۆی گۆڕانێکی گەورە بوو لە شێوازی ئاینداری و هەڵسوکەوتی ئاینی مەسیحیەکانی ئوروپای رۆژئاوا و ئامریکا. لە درێژەی ئەم وەرچەرخانەدا، ئایینزایەکی نوێ بە ناوی ئایینزای پروتستان سەریهەڵدا کە بوو بەهۆی ئەوە، کولتور و تێڕاوانینێکی نوێ بۆ بڕوادارانی مەسیحی پێکەوەبنێ. لەم دۆخەدا، بورژوازی بە شێنەیی لە قاوخی خۆی سەری دەرهێنا و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر توانی بۆ گشت بوارەکانی ژیان پەل و پۆ بهاوێ. گرنگی و بایەخی پەیوەندی ڕۆژانەی دراویی، داهێنانی زانستی نوێ و داهێنانی تازەی جوغرافیایی و گەشەسەندنی بێوێنەی زانستی بیرکاریی و فیزیک...هتد

بوون بە هەوێنی گەورەترین گۆڕانکاری لە ژیان و شێوە بیرکردنەوە و "جیهان بینین" ی مرۆڤی ئەوروپایی ئەو سەردەمەدا. ئیتر بازرگانەکان و خاوەن بانکەکان و سەرمایەدارەکان لە هەموو جێگەیەک خۆیان دەخزاندە نێو ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییەوە. ئورگانە کەلیساییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەهوی زێدە خوازی داموودەزگای پاپا، پلە و پایەی روحانی خۆیان لە دەستدا بوو. هەتا دەهات لە هەموو جێگایەک یاخیبوون بەرامبەر بە دەسەڵاتخوازیی و ژیانی پارێزکارانە لە سەرهڵدان دا بوو.

گۆڕانکارییەکان هەر دەهاتن بەرینتر و قووڵتر دەبوونەوە. لێرەوە ئیتر بەرەبەرە پێوەندیی مرۆڤ لە گەڵ مرۆڤ، جێگەی بە پێوندەیی نێوان مرۆڤ لەگەڵ پەروەردگاریان لیژ دەکرد و، ئینسان بە جێگای یەزدان بوو بە خاڵی سەرەکیی داهێنانی گشت باسێکی زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبیّ. فەلسەفەی روشنگەریی لە رێی بە پیرۆز کردنی عەقل و ئازادی و بڕوا بە هێزی داهێنەرانەی مرۆڤ، دەیویست مرۆڤ لەو رەوشە ناڵەبارە قوتار بکا، کە تێدا دەژیا.

هەر راست لەو کاتانەدا بوو لە ئاکامی گەشەسەندنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و گرنگی رولّی دراو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و پەرەگرتنی دیاردەی شارنشینی و سەرهە ڵدانی هزر و بیری نوێی، هۆیەکانی لە دایک بوونی فەلسەفەی نوێ، ئەدەبی نوێ، هونەریی نوێ ، زانستی نوێ، سیاسەتی نوێ و تەنانەت ئاینی نوێش هاتە ئاراوە. ئەم ڕەوتە لە پڕۆسەی بەرەو پێشچوونی خۆیدا توانی، پڕۆتستالیزم، لۆتر و داوێنچی و ماکیاول و گالیلە و جان لاک و ڕۆسۆ و هێگل وکارل مارکس بە یەکەوە گرێ بدا.

لەو کاتەوە بە ئیلهام وەرگرتن لە فیکر و بیری نوێی هزروانانی ئەو سەردەمەی، ڕۆژئاوا توانی بەرووگی خۆی لە "حقوقی ئیلاهی" و دەسەڵاتی شەرعی دوور بخاتەوەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر سڵاوات لە دیداری "حقوقی تەبیعی و دەسەڵاتی عورفی" بدا.

سەرئەنجام لە ساڵی 1789 واتا ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا، بۆرژوازی دوای چەند سەدە سەروەریی بە سەر ئابووری رۆژئاوادا، توانی دەسەڵاتی سیاسیش بگرێتە دەست وبە پێکهێنانی جمهووری و بە ڕەسمییەت ناسینی ئیرادەی گشتی و حقوقی تەبیعی و"دەسەڵاتی عورفی"، بۆ

هەمیشە کۆتایی بە  دەسەڵاتی شەرعی و ئایینی بێنێ.

بەمجۆرە وەک دەبێنین لە جیهانی مەسیحیەت بونیادگەرایی بزووتنەوەیەک بوو، بۆ دیفاع لە ڕێباز و مانەوەی دەسلاتی ئایینی لە حاند ڕەوتی بە سەنعەتی بوونی وڵات و پەرەگرتنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دەسکەوتنەکانی زانستی ، کە تا دەهات دەیویست پتر جێگا بە دەسەڵاتی کلێسە لێژ بکا، دەستی بە سەر هەڵدان گرت.

کەوایە ئێستا دەتوانین بڵێین"بونیادگەرایی" کە لە سەردەمی ئێستادا بە تایبەتی دوای هاتنە سەرکاری مەلایانی شێعە لە ئێران بە جووڵانەوەکانی ئیسلامی لە جیهانی سێهەم دەگوترێ، تەنی تایبەت بە ئایینی ئیسلام نیە. بەڵکو دەتوانین بڵێین گشت ئایینێک لە هەناویی خۆی دا خاوەنی سروشتێکی بونیاتگەراییانەیە. بەو هویە کە، هەر چی ئایین هەیە بەرهەم هێنراو و دەرهاویشتە و خوازراوی کۆمەڵگای هاوچەرخ نین. ئەگەر سەرنج بدەینە گشت ئایینەکانی ئاسمانی، دەبێنین لە هەر کامیاندا کەسیک بە ناوی نیردەرایی یەزدان ئەرکی روونکردەنەوە و ئاموژگاری و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارەتی و جێ بە جێ

کردنی فەرمانەکانی ئاسمانی لە سەرخەڵك بە مافی بی ئەملا و ئەولای خۆی زانیوە. بە کورتی بڵێین، سروشتی هەموو ئاینەکان، جا ئەوە چ ئاینی ئیسلام یاخۆ مەسیحی و یەهودیی بێ، هەڵگری جەوهەرێکی بونیادگەرایانن و گشتییان لە کۆمەڵێك بابەتی وەک یەک دەچنە خانەیەکی هاوبەشەوە. هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان خوازیاری گەڕانەوەبۆ رابردوو و دەقەکانی ئاینین. هەموویان لەسەر تاپۆ کردنی هەقیقەت و تەکفیر کردن و رەچاو نەگرتنی کات و سەردەم و نواندنی توند و تیژی و موتوربەکردن و سیاست لە ئایین، سەربە یەک ماڵ و ماڵباتن. هەر بۆیە ئێستا لێرەدا رەنگە بتوانێن بڵێین، کولتوری بونیادگەرایی لەسەر ناوی هیچ کام لە ئایینە گەورەکانی جیهان بە تەنیایی تاپۆ نابێ. لە باریی مێژووییەوە چەمکی بونیادگەرایی، ریشەکەی دەگەڕێتەوەبۆ گۆڕانکارییەکانی یەکەمین دەیەکانی سەدەی بیستەمی وە ڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا. لەو ساتە وەختەدا ژمارەیەک لە پروتستانەکانی ئەو وەڵاتە لایان وابوو بە هیچ لەونێک نابێ لە حاند پەرەگرتنی رەوتی نوێبوونەوەواز لە رێ و شوێنەکانی کتێبی پیروز بهێنرێ. بەوهۆیە کە، هەرچی لەو کتێبەدا هاتووە، ئەوپەڕیی لوتکەی راستی و هەقیقەتی لە

ئامێزگرتوە. لە مێژووی ئامریکا دا بو ئەم دژکردەوییەی پروتستانەکان، ناز ناوی بونیادگەرایان بەکار هێنرا. بەڵام لە دۆخی ئێستادا چەمکی بونیادگەرایی بە سەرجەمی بزوتنەوە ئاییینیەکان دەگوترێ کە سەرانسەری دنیایان لە شەڕی خۆیانەوە گەلاندەوە. لەو نێوەش دا بونیادگەرایی ئیسلامی لە بارەی فرەیی و نواندەنی توندوتیژییەوە، زۆرترین پشکی پێ دەبڕێ.

# مەبەست لە بونیادگەرایی ئیسلامیی

## *(لە پیرۆزکردەنی رابردووەوە بۆ گەڕانەوە*

## *بۆ سەلەفی ساڵح)*

بونیاد گەرایی ئیسلامی بانگەشەیە بۆ دەسنووس و دەقەبناخییەکان و بە مانای گەڕانەوەیە بۆ بنەما و سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاینیی ئیسلام. یاخۆ بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین بونیادگەرایی ئیسلامی بریتییە لەگەڕانەوەبۆ قورئان و سوننەت وکردەوەکانی سەلفی ساڵحە. تەوژمیی بونیادگەرایی ئیسلامی دنیا بینێکی فیکریی و سیاسییە بۆ بووژاندنەوە و دامەزراندنەوەی سەر لە نوێی بنەماکانی ئیمان و دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامیی لە سەردەمی ئێستادا. واتە بونیادگەرایی تەنیا بریتی لە باوەڕ بە خواپەرستی نیە، بەڵکو بریتیە لە جیهانبینی و شێواز و تێگەیشتنێکی تایبەت لە بونەوەرو و سروشت، لە کۆمەڵگا و مرۆڤ، لە شێوازی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەلآیەتی و سیاسی تا دەگاتە شێوەی حکمرانی وجۆری بەڕێوەبردنی وڵات. لە راستیدا دەتوانین بڵێین بونیادگەرای هەوڵێکەبۆ

ئیسلامیزه کردەنی کۆمەڵگا و گەراندەنەوی دەسەڵاتی رەهای سەرەتاکانی لە دایک بوونی ئاینی ئیسلام و بووژاندەنەوەی جۆری دەسەڵاتی سەردەمی خەلافەت لە رۆژگاری ئێستادا. ئەم یادەوەرییە لای وایە، رابردوویەکی باشتر لە ئێستای بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەگبە دایە. هەر بۆیە خەمی گەڕانەوەبۆ رابردوو و هەوڵدان بۆ بووژانەوەی سەرلەنوێی رۆژگاریی بە سەر چوو، داخ و حەسرەتی هەرە گەوری بونیادگەرایی ئیسلامی دێتە ئەژمار. خستنە رووی وێنەیەکی دزیو و تاریک لە جیهانی هاوچەرخ، تایبەتمەندیەکی هەرە گرینگی کولتوریی بونیاد گەرایی دێتەئەژمار. بە پێی ئەو وێنەیەی بونیاد گەرایی لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەخاتە بەرچاو، سەرلە بەریی جیهان لە زڵکاویی نەزانی و چەپەڵی، لاڕێی و بێ ئاکاریی و کوفر، نوقوم بووە. بە لای بونیادگەرایەوە، سوچ باریی ئەم دۆخەش هێرش و پەلاماری کولتوری جیهانییە. لەم خوێنەوەیەدا، کولتوریی جیهانیش، یەکسانە بە کولتوری کوفر و لە خشتەبردنی نەریتەکان و پەرەپێدانی تاکگەرایی و چێژخوازی دنیایی، دێتەهەژمار کردەن. بە گوێرەی ئایدولوژیی بونیادەگەرایی ئیسلامی، تەنیا رێگای رزگاریی کۆمەڵگای ئینسانی، دەبێ لە گەڕانە

وەبۆ کولتور و مێژووی ئیسلامی دا بدۆزرێتەوە. کە واتە، لەدایکبونەوەیەکی تر پێویستە تا بە هۆی ئەوەوە، کەسایەتی لە خشتەبراویی مرۆڤی ئەوڕۆیی بونیاد بنێرێتەوە. لەم نوستالوژییەدا تا دڵ دەخوازرێ قۆناخی دە ستپێکی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام بە وێنەی سەردەمی زێڕین وئاڵتوونی، هەوڵی رازندەنەوە و نەخشاندنی دەدرێ و هاتنی مودێرنیتە و پێشکەوتنەکانی شارستانیەت بە هە ڕەشەی لە نێوچوونی بایخەکانی ئایینی ئیسلام لە قەڵەم دەدرێ. لەم گێڕانەوەیەدا، رابردووو کلیلی هەموو گیرو گرفتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. مانا و پێناسی حوکمەکان بۆ گشت ساتەوەختەکانی دنیای پڕ لە ئاڵۆزی ئێستایە و نەمری پیرۆزیشیان، بۆ هەتاهەتایە. ئێستای روونیش، لە گرەوی گەڕانەوەبۆ رابردووی بەسەر چووە. داهاتووش، هەر شاگەشکە و چاوەڕێی، رۆژگاریی تێپەڕیوی با بردەوە. 1400 ساڵ لەمەو بەر، چ لە نیمچە دورگەری عەرب پەیرەو کرابێ، ئێستاش دەبێ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و بۆ رێکخستنی نەزمی سیاسیی بە هەمان پێوانەو گەز و ڕەبە بێت. بۆ کەسی بونیادگەرا، ئەو رۆژگارە تاریکستانە سەرەتای، سەرەتاکانە. خۆگرێدانەوە بەو سەرەتایە، رەمزی هەرمان و شوناسی ئێستایە. ئەگەر لەو رۆژگارە

تاریکەسەڵاتەدا بە خەنجێر و دەبان سەرلە ملان پەڕاوە، ئەورۆش دەبێ بێ چاونووقان رەچاو بکرێ. هەر لە درێژەی ئەم گەڕانەوەیەدا پێویست دەکا سەرلە نوێی داب و دەستوریی، بەردەباران کردەن و سووتاندەن و زیندەبەچاڵکردنی ئینسانیش، بە پیر و پەککەوتەوە، بە ژنی دووگیان و منداڵی سەرلانکەوە بژێندرێتەوە. لەم جنوونستانەدا بە دابی سەردەمی زێڕینی دوڕگەی عەرەب، جێگای دەیلەکانی پێ بەستراو و زنجیر لە مل بۆ کڕین و فروشتن هەردەتوانێ جێگایەکی وەک مەزادخانە بێ. هەر لەو ئاقارەوەیە، بونیادگەرایی ئیسلامی دژ بە هەموو جۆرێکی بیری مرۆڤە کە بێتە بنەما و خاڵی دەسپێکردەن بۆ دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ئینسانی. بەلای بونیادگەراییەوە، زێدی بەختەوەری ئینسانی ئێستا، کۆمەڵگای بێگەردیی سەرەتاکانی لە دایک بوونی ئاینی ئیسلامە. ئینسانی ئێستا تەنیا بە گەڕانەوەبۆ کۆمەڵگای سەلەفی ساڵح و یەکەم کۆمەڵگەی پاک و بێگەردی موسوڵمانان ئەوکاتە، دەتوانێ هەموو خەون و ئاواتەکانی بێتە دابین کردن .

# ڕەواننـاسیی بونیادگەرایی ئیسلامیی

بونیاد گەرایی ئیسلامی لە هەر کوێ یەکی ئەم دنیایە بتوانێ کەوڵی خۆی لە عەرزی بدا، وەک ڕەشەبایەکی ماڵوێرانکەر وایە، پەلی تاریکیی و نەهاتی ئەهاوێ. بونیادگەررایی ئامبازی هەر کوییەک ببێ، چرا و هزری خۆبینینی مرۆڤ لە چاوان بزردەکا و بێ ئەوەی مچوڕکی بە دڵ دابێ، کوشتنی ئینسان دەژمێرێ. ئەم پەتایە لە هەر شوێنیکی بۆی بلوێ، جارز لە ژین، وەک سەهوڵبدانێکی بە ستەڵەك، تا بینەقاقا بەربینگی پێدەشتی حەز و ئەوینی مرۆڤ دەگرێ. ئیتر لەوان کات و سات دا، بسک و برژانگ و دەم ولێو ، سارد و سۆڵن وەک ڕەنووی کێو، نە خۆشی و بەزەیەک بو ئینسان لە ئاردا دەمێنێ و ونە سۆز و وەچان و حەسانەوەیەك. بونیادگەرایی ڕوو لە داوێنی هەر وەڵاتێک بکا وەک داری زرو و بێبەر، کوندەبەبوی لێ دەخوێنێ، لە جێی باخچە و بەخت و هاتی، گیا بۆگەنە و کەکرە و گوژالک و نوسەکە و دڕک ودالی لێ دەڕوێنێ. ئەم بەڵایە، وەک بای پێچەوانەوایە، ڕایەل و پۆی، هەودای هومێدی ژینی ئینسان دەپسێنێ وگولی و دەریای خەمان لەگەڵ خۆی بە دیاری دێنێ. نەریتی بونیادگەرایی وایە، کاتێ شاڵاویی

بێبەزەیانەی ئاوقای وەڵاتێکی دەبێ، پشتێندی خاترجەمی لێ دەکاتەوە و لە جێی ژیان، تۆوی مەرگی لێ دەچێنێ. لەو دەمەش دا، ئەستێرەی هاتی سیسارکەکانی بونیادگەرایی بە خۆی دادیێ ، بە خەنجەری زگ دڕ و شیری سەربڕ، جەهەندەمی شەڕ نیل دەدرێ و خەلتانی خوێن وەڕێ دەخرێ. لەوان سەرو بەندانەدا، ئەوە هەر گیانی بێتاوانی ئینسانە بە دەم هەنیسکانەوە دەردەچێ و ئاهوی پیسیی و بێ فەری و نگریسی بە وەڵاتدا بەر دەبێ. ئەم تاعونە، بۆ سەر و ماڵی ئینسان وەک ئاگری بی ئامان وایە، لە دڵڕقی و قین لە دڵیی، بێ هاوتایە ، بۆ کوشتار و دەس درێژی، چ کەسێک دەروەستی نایە. ئەو کاتەی هەوسار و هەودای دنیاداریشی دەکەوێتە ناو لە پێ دەستی، کەس ناتوانێ بە وێنەی ئەو، پەلک و بەرگی چروی داری پەژارە و خەمبارەیی وەک گاڵاڕێزانی ساردی پاییز دەوەڕێنێ و لانکەی مەرگی ئینسانی بێ سوچ و تاوان بە پەلەداوان راوەشێنێ. لەوان، گەڕان و سووڕانەوەدا، توشمان دێ بە توشی چروچاوی شلک و ناسک و تازەلە خەم رەخساوەی ژن و پیاو، کیژو لاوی شوخ وشەنگی کوردانی یەزێدیی لە شنگال، کە بەدەم گڕی ئاگری بێ ئامانی بونیادگەرایی ئیسلامییەوە بەرەو تموونی نەمان و نەبوون ، سەرنخوون

دەبنەوە. لەم بگرە و بەردەدا دەستە دەستە کیژە کوردی گەردەن زەردی رووسوری مەستە چاوی کوردمان بە بەرچاو دا تێ ئەپەڕێ کە بە دەس بورە پیاگی چاوچنۆکی بونیادگەراییەوە، راوکراون و زنجیر لە مل، لە شار و بازاراندا بە دەست کریار و فروشیارانەوە دەستاو دەست دەکەن ولەگەڵ بەختی رەشی ناهەموار و ژانی پڕ لە ناسۆر و دەژوار، مەچەکە شکێنە دەکەن. لەم کات و ساتەدا، لە هەر چوار کەنارانەوە، لە سونگەی خوێن بارانەوە، هەروا جەستە و گیان بوون، بە دەم هەنیسکانەوە دەردەچون. هەر گۆشتی تەڕ بوو، بە دەم دەبابانەوە زویل دەبوون. هەروا سەر بوو، دەپەڕان. هەر وورگ بوو، دەدڕان. هەر تیر بوو، جەرگی کون دەکرد. هەر گوولە بوو، مێشکی دەپژاند. هەر شمشیر بوو، بریقەی دەهات. هەر رق و قین بوو، کارەساتی دەگێڕا. هەر خوێن بوو، فیچقەی دەکرد. هەر سەربڕ بوو، سەری نابوو بە بەر دەرگا و پەنجەرەی ماڵانەوە. هەر رەشەبای مەرگ بوو، پرچی سەدان کەسی دادەهێنا. ئێستا ئیتر دەم، دەمی زەردەپەڕ بوو، هەتاو رەنگی هەڵبزرکاوە و خوێن لە چاوی ئاسۆ دەتکێ. نیسێی هەتا دێ، پتر شۆڕدە بێتەوە. هاژەی روح و دابڕان، قرمژنی کەوتن و هەستان، قەتارەی فرمێسك و هۆڕەی کەژاوەی گریان، دوا قیژەی بەژن

و هەنیسك و نەمان لە هەر دەرێک لێك هاڵا بوون. لافاوی مەرگ بە سەر شانی بێ باواندا هەر تلی ئەدا. هەزاران گیان لەم دەقەرە، بوون بە گەردی دەم رەشەبا. هەر مناڵ بوو ،لانکەی دەبوو بە ئاگردان. هەر خاتوون بوو، شوێن بزر ئەکرا. هەر باوک بوو، شەلالی خوێن دەبوو. ئێستا ئیتر، لە چرکەیەکی کاتێکدا، کێوی ئاگرپژ و حەزیای خوێنمژ و هەڵچوون و خوشین، لە چەشنی لافاوی کەنداوکەندی بە تەوژمی بەهاران لە لاملەی کەلەوە سەربەروخوار بوونە و هەژارانی شنگالییان دەناو خۆگەمارۆ داوە و لە گشت لایە ک را، کلی شەڕ نیل دراوە. نەعرەتی سواران و حیلەی ئەسپان و زرمەی لێدان و خرمەی سمان و شەقەی ئاوزنگی و هاشەی تیران، گوێی عاسمانی دەزرینگاندەوە. ئەو دیمەنە زەندەق بەرە، دێو و درنجیشی لە خۆ دەپرینگاندەوە. ئیتر، نەهاتی هاتە جێی خۆشی. هەودای ژیان بەرەو سەخڵەتی و ئاڵۆزیی روویی. لەشکری شەڕ بۆ خەزا، لە هەر لایەک بە هەلینگ دان، لە رێدا بوو. لەو مەڵبندە سازگارە هیچ کەس نەما، ماتەمی نەمان هەڵی نەگرێ و مەرگی خۆی بە چاو نەبینێ. ئێستا ئیتر، دەم، دەمی، خوێن جمانی پیاوانی چەقاوەسوی لەشکری ئیسلام بوو. لەو کات و ساتە دا هەموو شتێ بۆ لەشکری دەس

وشینی ئاکار کێویی، لە سەر پێ بوو. ئەم قڕکرانە، ئاهەنگ و جەژنی فەتحی شاری کافرەستان بوو. لە هەموولاوە، پرچی خۆری ئەم شارە ، لە دەواری شەڕ پیچرابوو. هەرلە دورەوە دەم و دۆخی شێران، وەک راخوشینی ئەستێران دە بڕیسکایەوە. رێژنەی بارانی تیران وەک تەرزەی خاکەلێوە دایدابوو. لە بەر زارکی هەر ئەشکەوتێ، لە نێو دڵێ هەر رەوزەیەک، لە لیواری هەر شێو و دۆڵێك، لە نێو هەر دەشت و بەندەنێك، لە نێو هەر درز و کەلێنێك، لە نێو هەر کون و پەسێوێك ، بە تاق و جووت، لیروە لەوەی، خەڵکی ئەو شارە لەو پەڕی بێ دەرەتانی دا بە دەم قوڵپی گرینەوە، بەجەرگی پربرینەوە، دەستی نزا و دۆعایان بەرە و عاسمانی دووکەڵاویی هەڵبڕیوە. ئەوان دەیانزانی ئەم هورژمە، هەوری مەرگە و بەسەریاندا، دائەباری. ئیتر لەو مەرگەساتە دا، لە هەر دەران، ئەوە هەر میموون بوو زریکەی ئەخستە ناو دڵ و لەشی بەش مەینەتانی ئەو مەڵبەندەوە. لەو دەم و هەلانەدا، لەلاشانی راست و چەپی ئەو شارەدا، هەردەمامک هەڵبەستووی زگ دڕی برسی بوو، بە دوای نیچیر دا ئەگەرا. دەنگی لوورەی رەوەگوورگی پەلاماردەر لە هەموو لایکەوە ئەبیسرا. کێ بە قەد بەرگە نوشتەیکی دیار با، دەس بە جێ بە تیری ساردەکەوان،

سارد دەکرایەوە. ئوردووی نەزانی و تاریکی لە گشت لاوە تۆڕ و داویی گەمارۆ و مەرگی ئەو شارەی لە تەک خۆی شەتک داوە. لەوان دەمەدا، چپەی ناکەسان و خرمەی سواران و دەسرێژی جەلادان و هاڵاوی سوتمانی بەدکاران لە تەک ئەسرینی گەش و ئاڵی بێوەژنانی بابانوێران و پیاونەماوی زگ سوتاوی کور کوژراوی کیژ فروشروا، دەنگی هەوری بەهارانی وەبن خۆ دەدا و پەردەی شورەیی دەدڕی و پای لە بیشەرمی دەبڕی. لەو رۆژەدا دەسنوێژی هەموو پیاوانی ئیسلام بە خوێنی توولە نەمامانی رووت و کەساسی کورد هەڵ گیرا و لافاوی فرمێسك لە چاوی پیر و لاوی کوردەوە، سەری دەکرد. ئاخ و ناڵەی، بە دیلگیراوان و برینددارانی ئەو رۆژە، مەحشەرێکی وای بە پا کردەبوو، ساوای بەرمەمکانی، دەکردە پیر و زورهانیی. بۆ وێنا کردەنی ئەم مەرگەسات و کارەساتە، چەن دژوارە دیتنەوەی وشە و رستە و واتایەک، بارتەقای ژان و ئازارەکانی ئینسانی ئەو سەردەمە بێ، بە دەس پیاوکوژانی بونیادگەرایی ئیسلامییەوە. ئەم جیهانە لە لای ئێمە لنگاو قووچە. کەسێک نیە لێی بپرسین، گەوهەر و شکۆی ئینسانیی، بۆ وا شکا. ئەم ئاگرە کێ نایەوە. کێ دەتوانێ زامی دڵی قوربانیانی ئەو کارەساتە سارێژ بکاتەوە.

لەوەتەی هەم، عەودال و وەیلی ئەو بیرم، دەستەملانی کام خەمم بم. کام زام بکەم بە نیشانەی ناسنامەی خۆم. من نازانم و تێدا ماوەم کام ئازارم، بە بێشکەی خەم بڵاوێنم. هەلەبجە یا خۆ ئەنفال، قارنا ، یا قەڵاتان، سەری براوم لە وین یاخۆ بەرلین ، کۆبانی، یاخۆ شنگال، بۆ ئالانی نەونەمامی لە گۆم خنکاوم یاخۆ ئیعدامی بە کۆمەڵی 59 شورەسواری مەهاباتیم. کوا لە کوێ، کێ هێندەی من، لە ویرانەماڵی خۆیدا ، ئازار و مەینەتی دیوە. من ئەو کوردەم دەیان ساڵە بە رۆژی روون لە هەر چوار پارچەی وە ڵاتەکەم، بە پێش چاوی هەموو دنیا لە خاچ دەدرێم، راو دەنرێم و قەڵاچۆ دەکرێم. سەرتاپام، هەموو برینە. دە بێژن پێم، کێ دەتوانێ چیروکی ژیانی پڕ لە مەرگەساتی من بهۆنێتەوە. کام نوسەر، کام چیروکنووس، کام هەڵبەستوان، کام نیگارکیش، کام کامیرەوان، لەخۆ ڕادەبینێ لە زامی کۆن و نوێی من بدوێ. من لە مێژووی کۆن و نوێم دا چم نە دیوە. هەر بۆیەخەم و هەڵچوونەکانم، خەمی زامی، نزیکە و دوورە. کەی دڵ دەتوانێ بەرگەی بینی ئەو هەمووە تاریکیە بگری. کەم شەو هەیە لە داخی ئەو هەموو خەمە، هەتا درنگانێکی شەو، پرچی لوولی خەمەکانم نەهۆنمەوە. چەن ئاستەمە زمانی مرۆڤ بتوانێ دەربڕی هەموو ئەو

کارەساتانە بێ، کە ئینسانی بێ تاوانی ئەو ڕۆژگارە بە دەس زبرو زنگی بێ ئامانی بونیادگەرابیەوە تووشی هاتووە. چ وەرزێکی نەبینراو و نە بیستراوە، چ کارەساتێکی چڕە. چ ڕۆژگارێکی پڕ لە داخ و دەردە. چ قەدرێکی، تاریک و تونە. چ ژان و ئازارێکی بێ بڕانەوەیە. ئەم چارەنووسە چیە، بە نێو چاوانی منی کوردەوە نووساوە. ئیتر، چۆن شل نەبێ هێزی دڵ و دروون. کێ دەتوانێ بلێ لەم تەمەدا، گوڵ لە ئاگردا دەپشکێ و لە داوێنی خەزانیش دا ، گوڵان دەڕوێ. کێ دەتوانێ بڵێ، ژان و ئازارەکانی برینی شنگال، لەگەڵ تۆماری ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەپچڕێنەوە. شنگال هەگبەی، نەهامەتیەکانی، یەک سەدەیە. شنگال تراژیدیای مەرگی بە دانستەی بە کۆمەڵی هەزاران ژن و پیاوی، بێ سوچ وتاوانی ئەو گەلەیە. من ئەو کوردەم، کارەساتی ئەو گەلە، هۆش و بیری بە تەواوی، لێ بڕیوم. هەر بۆیەدەستم دایە یەخەی خامە، بەڵکو بتوانێ ئازارێک لە شنگال دەرباز بکا. کە چی دیتم، هەر چی فرمێسکی ئەو دنیایە کۆ بکەمەوە و من بیرێژم، هەر چی وشەی ئەم دنیایە ببێ بە نێوئاخنی شیوەن و من بیبێژم، هێشتا کەمە وسوکنای دڵی گڕگرتووی پڕلە سۆم نایە.

# بەهەشتی ونبووی بونیادگەرایی

بەهەشتی ونبووی ئەم دیاردە نگریسە نیمچە دوورگەی 1400ساڵ لە مەو بەری عەرەبستانە. واتە ئەوەی 1400ساڵ لە مەو بەر بۆ سەردەمی جەهالەت و جەهالەتی دورگەی عەرەب، کراوەتە ئامرازی قەمتەر کردەنی جەهالەت، دەبێ لەم سەردەمەشدا بەسەر ئینسانی ئەورۆدا بە زیادەوە داسەپێنرێ. بەڵام لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانێین پچینە ناو دنیای بێ بەزەیی بونیاد گەرایی ئیسلامییەوە، دەبێ ئازایەتی ئەوەمان هەبێ  بێ سڵ کردەنەوە، لە هەموو کەلێن و قوژبنێك، لە هەموو سووچ و کەلەبەرێك بە دوای دا بگەڕێین. کە چی سەیر ئەوەیە لەو گەڕان و پشکەنینەدا هیچ وێستگەیەك لە وێستگەکانی مێژووی بونیاد گەرایی ناتوانی وەدۆزی، پەڵەیەکی رەشی پێوە نەبینی. کولتوری بونیا دگەرایی، کولتوریی کوشتن و سەر بڕینە. لوژیکی حەڵاڵ کردەنی خوێنی مرۆڤی بێ تاوانی ئەم سەدەییە. بونیادگەرایی ئیسلامی، قوتابخانەی  گەماری و دەبەنگییە. ئەم گەرایە، هەتا بینەقاقا، نوقمی زڵکاوی برەو پیدانی نەزانیە. بونیادگەرایی، لوژیکیی ئەستاندنەوەی

ئینسسانیەتە، لە ئینسان. لە پێکهاتەی دەرونی تاکی بونیاگەرایی دا، هەلا هەلا بوونی جەستەی بێ گیانی مرۆڤ، بە مانای ئەو پەڕی خەنی بوونە. بۆ ئینسانی بونیاگەرا کات و ساتی کوشت و بڕ و سەربڕین، گەیشتن بە لوتکە و بەرزترین پلە وبالآیە. هەر راست لەو کاتانەدایە تاکی بونیادگەرا سەبوریی دێتێ و وکۆشکی نیازی سەر دە گرێ و سروەی شادیی بۆ دەنگۆێ و باخی ئاواتی بەر دەگرێ. زۆر بێ مانایە لامان وا بێ، بونیاد گەرایی چ جۆرە خزمایەتیەکی لە تەک ئایینی ئیسلامدا نەبێ. گەورەترین هەڵە ئەوەیە جینایتەکانی بونیادگەرایی لە دوو تۆوی جەستەی جەلاد و سەربەریکی تاکێکی بونیاد گەرا یی دا کورت بکەینەوە. یا خو ساویلکانە، بە نیشانەی نەزانی و توندرەویی گروپێکی لادەر پێناسەی بکەین. بونیاد گەرایی دالآنێکی دورودرێژی تاریک و تونە، لە ناو پێکهاتەی ئایدئولوژیایەکی ئاینی دا. ئەم دیاردەیە ساتێك، لە ساتەوەختەکانی دەرکەوتەیەکی ئەقلییەتێکی ئیسلامییە. بونیادگەرایی بە زمانی خۆی پێمان دڵیی، چڕبوونەوەی لە مێژینەی کولتورو بیرێکی ئایینیە. لە قامووسی بونیاد گەرایی ئیسلامیی دا، کولتوری ئینسان کوژیی رووداوێکی بە هەلکەوت و بە تەنێ لە سەر دەستی چەند کەسێکی ئینسان

کوژی  نەخوشی ئاکار کێوی  و ژمارەیەک قەلە و قوتەی فێدار و پەتیار، نایەتە ئەنجام دان. هەر بە هەمان شێوە ئینسان کوژیی بونیادگەرایی، ئاکامی خەراپ بەکار هێنانانی حمکرانی و جۆریی دەسڵاتدارەتیش نیە. ئینسان کوژی بونیاد گەرایی، بەرهەمی کارکردنی سیستەمێکی هزرییە، ئاکامی گەڵالە بوونی کولتوریکە. ئینسان کوژیی بونیاد گەرایی لەسەر بنەمایەکی ئاینی دروست بووە و تائەو کاتەی ئەم ئایینە ریفورم و چاکسازی بە خۆیەوە نەبینێ، کولتوری مرۆڤ کوژیش هەروا دەمێنێ و درێژەی دە بێ. هەر بۆیەلە کەش و هەوای ئێستا دا، قسە کردەن لە سەر بونیاد گەرایی، قسەکردەنە لە مەرگ وماڵوێرانی و نەبوونی کەمترین بەزەیی بو ئینسان. بونیاد گەرایی ئیسلامی  وەک موتەکەیە، بە دایم لە هەوڵدانێکی بێ وەچاندایە بۆ خۆف هێنەرکردنی ژیانی ئینسان. خۆف لە پێکەنین و شادی و خۆف لە ئاواز و سەما، خۆف لە جۆری هەستان و دانیشتن، خۆف لە وەدرەنگ کەوتنی نوێژی شیوان و شکاندەنی ناوادەی رۆژوو، خۆف لە نە دانی سەرفەترە و زەکات، خۆف لە جۆری بەرگ پۆشین و خۆف لە ژیان و مردن... بە کورتی بڵێین لە تەمی نەگبەتیی بونیاد گەرایی دا جێگایک شک نابرێ، ئینسانی ئەوڕوو لێی

وەحەسێ و هەست بە ئارامی و ئوقرەیی تێدا بکات. هاو تەریب لەگەڵ هەموو ئەوانە بونیاد گەرایی هێزێکی زێدە خوازی پەل بزوێنی دنیاگرە. بو پەلامار و پەل بزوێنی ، چاوەڕوانی هەل و دەرفەتە بو ئەو شوێنەی بتوانێ مرخی خۆی لێ خۆش بکات. ئەم هێزە دەس وەشێنە، تا چاو بڕ دەکات و دڵ دەخوازێ، تامەزرۆ و شەیدای پەلکێشان و بڵاو بوونەوەیە. هەر بۆیەکاتێ بونیاد گەرایی ئیسلامی بە فەرمانرەوایی دەگات زۆر باش دەزانی دەبێ بناخەکانی چ جۆر دەسەڵاتێک بونیاد بنێ. ئەو پێویستی بە جۆرە دەزگایەکی لێپرسینەوە هەیە، بە خێرایی بتوانێ سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی ئینسان دا بکات. ئەو بۆی هەیە ، لە هەموو دەرگاییەکی داخراو بدا. وەخت و بێ وەخت سەر بە هەمووماڵیک دا بکات و بۆ پشکنینی ژیانی مرۆڤ هیچ بوارێك جێ نەهێڵێ. لە ژێر دەسەڵاتی رەشی بونیادگەرایی دا کەس بۆی نیە بیر لە پانتایی و رووبەرێکی تری ژیانی دلخوازی خۆی بکاتەوە. بەڵام پشکنین لای بونیادگەرایی ، هەر تەنیا بە مەبەستی چاوترسێن کردن و هەڵواسین نیە، بەڵکو بۆ دروست کردەنی ئینسانێکی نوێی تریشە. ئینسانی دڵخوازیی بونیادگەرایی ئەشێ لە جۆرێکی تایبەت بێ. ئەو بۆی نیە هەرگیز لەو

جەخزە دەرباز بێ کە بە جۆرێك لە جۆرەکان تەعبیر لە عەقل و ویست و ئیرادەی سەربەخۆی خۆی بکات. مرۆڤی نموونەیی بونیاد گەرایی، ئەو مرۆڤەیە، قەت بە ریبواریش پرسیار و گومانی لا دروست نەبێ و ملکەچ و خەواڵوو، ودەستەوەستان و شوکرانە بژێر بێ. کولتوریی بونیادگەرایی، کولتوریی بێ دەنگ کردەنی ئینسانە. مرۆڤی نمونەیی بونیاد گەرایی، مرۆڤی زمان لە بندا بڕاوە، کۆمە ڵگای داخراوە، پینووسی کولە، دەرکی داخراوی فێرگەیە، پەچە وچارشێو و رووبەندە، بەرگی رەشە، چاوی پڕ لە گریانە، گۆڕخانەیە، کۆڕی شینە. سینگ گوتان و ڕۆڕۆیە، ئینسانی لخاوکراو و قەمتەرکراوە، ... بونیاد گەرایی لەسەر هەموو ئەوانە، یەک جار کۆکە. بەڵام پێچەوانەی ئەوانە، هەزار هیندەی تریشی باوێژە سەر، بونیاد گەرایی دەتتۆقێنێ و تووشی سڵەمێنەوەی دەکات. چەندە دار لە بزمار ،کەڵەکێوی لە خشپەی پێی رێبوار، کوندەبۆ، لە ئاودانی ئوقرەی دەچێ، بونیاگەرایش بە هەمان شێوە، هەلپە دەکا و خەو لە چاوی دەتارێ و زەراوی دەڕژێ و دەهریی دەبێ. واتە زەختی لە رادەبەدەریی بونیاد گەرایی بو ئینسانی ئەو سەردەمە، هەر بە تەنیا بۆ بە جێ هێنانی تاعەت و نوێژ و رۆژوی ئاسایی رۆژانە نیە، بە

ڵکو بەرلە هەموو ئەوانە بۆ گۆڕینی بینین و بیستن و جۆری بیرکردەنەوەی ئینسانیشە. بۆ هەرچی زیاتر کردەنی پانتایی و بەرینایی ترکردەنی قەدەخەکانی سەر ژیانی ئینسانە. ئەگەر لە دنیای ئەوڕوودا هێزێك بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی هەوڵی روتوشکاری و خۆجوانکردنی دیمەنی دەدا، لە کەیسی بونیاگەرای ئیسلامی دا ئەم وێنەیە راست بەپێچەوانەیە. جوانترین وێنە لای بونیادگەرایی، بڵاو کردەنەوی وێنەی مەرگە، وێنەی سەربڕین و سوتاندەنی جەستەی مرۆڤە. وێنەو دیمەنی ترس و ماڵ وێرانییە بو ئینسان. بۆ گشت بونیادگەرایەکی ئیسلامیی، ئاینی ئیسلام یەکسانە بە دین و دنیا، بە ئاسمان و بە زەوی. ئەم ئاینە، هەم سەرچاوەی رێکخستنی جۆریی دەسەڵاتی سیاسی و دەزگای دەوڵەت و کۆمەڵگایە، هەمیش بنەمایە بۆ سازمان دانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ. لە گوشەنیگای بونیادگەرایی ئیسلامییەوە کۆمەڵگای ئیسلامی تووشی جۆرێك لە جاهیلییت بووە. بە لای ئەوانەوە، وێنەی دۆخێکی ئەوتوش لە سەردەمی پەیامبری ئیسلامیش لە نیمچەدورگەی عەرەبستان بینراوە و بە هۆی جیهادەوە، شەڕ بە دژ راگەیاندەراوە. ئەم ئەزموونە لە سەردەمی ئێستاشدا، دەتوانی بەدیلێکی بەکار بێ بۆ تێپەڕبوونی موسوڵمانان

لەو دۆزە، جیهاد و شەڕی پیرۆز وەڵامێکی پڕ بە پیستن بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە. جیهاد لە ئاینی ئیسلامدا بە مانای جێ بە جێ کردەنی یەکێک لەگرییینگترین فەرێزەکانی ئەو ئایینە دەژمێردەرێ. ئەم مەسەلەیەش بۆ هێزەکانی سەر بە بونیادگەرایی ئیسلامی، بەر لە هەر شتێکی ترەوە دێت. بۆ گشت هێزێکی بونیاد گەرا شەڕ لە نێوان کوفر و ئیمان، جاهیلەت و ئیسلام، باوەڕدار و بی باوەڕ، راست و هەڵە، بە مانای سوننەتێکی جێگیر و نەگۆڕە لە شەڕیعەتی ئیسلامدا. هەر لەو رووەشەوەیە، بە پشت بەستن بە دەقەکانی قورئان و بیروڕای زانایانی ئیسلامی هەرجۆرە توندوتیژی و تۆقاندنێک، بەجێ بەجێکردەنی ئەمر و فەرموودەکانی پەروەردەگار نێوکی دەبڕدرێ. لە ناو هەناوی خوێندەنەوێکی وەها دایە ، بونیاد گەرایی ئیسلامیی دە بێتە بیر و باوەڕی ئەم گروپانەی کە بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی وەڵاتەکەیان و بۆ سەپاندنی یاساکانی ئاینی ئیسلام پەنا دەبنە بەر هەموو جۆرە توند و تیژییەک. ئەم تەوژمەش، تەزۆیەکی گشتگرە. لە هەر وەڵات و شوێنێکی ئەم دنیایە، خۆی لە کەوڵ و بیچمی جۆراو جۆردا مانیفست دەکا. جاریوایە لە سەر تۆڕی ئینترنیت، لە قوتابخانە و زانکۆ، لە مەزگەوت و شین

پرسە، چەلی واشە لە قاوخی گروپێکی سازمان دەراویی بێ بەزییەدا خۆی مەلاس داوە. هەر بەهەمان شێوە پێك هاتەی بونیاد گەراییش، پێکهاتەیەکی هەمەچەشنە. بونیادگەرایی ئیسلامی هەر بە تەنیا بریتی لە کۆمەڵێك ئینسنانی تورەی پەراوێز خراوی بێ هیوا نیە، بەڵکو پێکهاتەی کۆمەلایەتی بونیادگەرایی، پێکهاتەیەکی هەراو و هەمە جۆرو هەمە چەشنە. بونیادگەرایی ئیسلامی بۆ هە ڵخراندنی هەستی ئاینی هەموو توێژێکی کۆمەلایەتی قسەیەکی بۆ گوتن پێیە. هەروەک دەتوانێ گەنجێکی توورەو بێ هیوای پەروایز خراو بۆ لای خۆی رابکێشێ ، هەر بە هەمان شێوەش دەتوانێ بە ناوی کوفر و دنیا ئاخر بوونەوە ، تاکێکی بە سالا چووش بۆ نێو رێزەکانی بانگهێشتن بکات. لە هەمبانەی بیری بونیادگەرایی ئیسلامی دا، دانی مزگێنی گەورە بۆ ئینسانی دنیای ئەورووو، بە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە دەژمێردەرێ. بونیادگەرایی، لەگەڵ ئەوەی تا دەتوانی کار بۆ تازیەباریی و رەشپۆشی و خەمبار کردەنی ژیانی ئیسنان دەکات، بۆ ساتێکیش بوو بێ ئەرکی مژدەبەخشی لە خۆی دوور ناخاتەوە. مژدەی حەسانەوە لەم دنیا و ئەو دنیا. واتە ئەو لە یەک کات دا بۆ هەر دوو دنیا، مزگێنی و بانگەشەی

گەورەی  خۆی پێیە. بۆ دنیای ئێستای کۆمەڵگای ئینسانی، ئەرکی خاشەبڕکردەنی جەهل و گومراهی و بێ ئەخلاقی دەگرێتە ئەستوو، بو ئەو دنیاش مزگیینی لێخۆش بوون لە گوناهان و چوونە بەهەشت بە گوێی مرۆڤ دا دەچرکێنێ. لەتایبەتمەندیی هەر بەرچاوەیی فیکر و رێبازی بونیاد گەرای ئیسلامی، دژایەتی کردن لە تەک رێژگەرایییە. بونیادگەرایی ئیسلامی تا سەر ئێسقان نکۆلی لە رێژەگەرایی دەکات و لای وایە هەقیقەت یەکەو نابێ بە چەند بەش و کەڕتەوە. لەو دنیا تەنگەبەرەدا هەموو شتێ یا ڕەشە، یا سپی، یا چاکە یا خەراپ ، یا حەڵاڵە یا حەرام. ئیترلە حیکمەتی بونیادگەرایی دا، رەنگێکی تر و شتێکی تر ناتوانێ لەو نێواندا هەبێ. لەو نێوەش دا خۆفی هەرە گەورەی بونیادگەرایی دابەشکردنی هەقیقەتە. لەم خوێندەنەویەدا، مرۆڤ وەک سەرچاوەگەی عەقل و بەرهەم هێنەر و بەکار هێنەریی هەقیقەت نایەتە ئەژمار، بەڵکو هەقیقەت لێرەدا پێدراوێکی ئاسمانی و پیروزە و یەک جار بۆ هەمیشە و بۆ هەتاهەتایە بۆ ئینسان بە خەلات هاتووە وئیسلام هەقیقەتی کۆتایی و دوا وحییە. لەبەر ئەوەی هەم هەقیقەتی کوتایی لە جەم موسوڵمانانە و هەم پەیامی ئەوان لە ژیاندا خواپەرستی و بانگگردنی خەڵکە بۆ ناو

ئیسلامەتیی. هاو تەریب لە تەک ئەوانە، بونیاگەرایی ئیسلامی بە شێوەیەکی وشک و برینگ پابەندی کۆمەڵیک ئەحکام و بنەمای فکری ئایینە و خۆی بە ڕێبازێکی تاقانەی ئەو تۆ دەزانێت کە تەنیا بۆخۆی نوێنگەی تەواوەتیی ڕاستی و حەقیقەتی لەباوەش گرتووە. هەر لم سونگەیەوە تا دڵ دەخوازێ هێزێکی نەحەواوە و خۆسەپێن و زێدەخواز و بکوژیی جیاوازییە. بونیادگەرایی ئیسلامیی تا سەر ئێسقان داکۆکی لە بیروڕا و کۆمەڵگایەکی نەریتی دەکات. لە جیهانێکی بە جیهانیکراو کە پرسەکانی پێویستی بە وەڵامگەلێکی عەقڵانییە، فوندەمینتالیزم جەخت لەسەر ئیمان و هێزی نەدیاریی ئاسمانی دەکاتەوە. گرفتی هەرە گەورەی بونیاتگەرایی ئیسلامی ئەوەیە ڕێگا بە کەس نادات، "ئایین" وەک دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت کە وەک گشت دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیتر لە سەردەمێکی تایبەتێدا لە دایک بووە و گەشەی سەندووە، ئینجا ئەویش پێویستە بە پێی چەرخی ڕۆژگار، گۆڕانکاری بەسەردا بێ و خۆی لە تەک بارودۆخی نوێدا ڕێکبخات. بە پێچەوانە لەقامووسی بونیادگەرایی دا جێگایەک بۆ تەتەلە کردەن و بژارکردەنی فیکری پیشەواو و زانایانی ئیسلامی لە ئارادا نیە و

یاساکانی ئەم ئایینە وەک هەقیقەتێ خواوەندی "ئیلاهی" سەیر دەکرێ، کە توانیویەتی بە پلەی هەرەبەرزی "کەماڵ" و گەشە ی خۆی بگاو دەقەکانی ئەم ئاینە بۆهەمیشە و بۆ هەموو کات و سەردەمیکە. بونیادگەرایی پێمان دڵێت ئیسلام هەر یەک ئیسلامە، یەک سەرچاوە و ڕێبازی هەیە و دواجاریش تەنیا یەک جۆر تێگەیشتن و پراکتیزی دەبێ بۆ بکرێ. بو ئەو مەبەستەش لە پێناوی گەیشتن بە دەسە ڵاتدارەتی، خۆ بەکۆشتدان و خوێنرێژی و توند و تیژی و کوشت و بڕ، بڵاو کردەنەوەی چێژی کولتوری مەرگدوستی بەردی بناخە و "فەلسەفەی وجودی" ئەو ڕێبازە پێکدێنێت. لەو نێوەش دا تا دڵ دەخوازرێ، خودی ئایینی ئیسلام و دەقە کانی بۆ هێزیی فەناتێکی بونیادگەرایی کار هاسانی دەگرێتە ئەستوو. ئیسلام هاو شێوەی مەسیحیەت، ئەو ئایینەیە کە بێ نێوبڕ سەر قالیی ململانەی سیاسیی بووە، قوڕئان کتێبی پیرۆزی موسوڵمانان لێوانلێوە لە هاندانی ئیمانداران بۆ جیهاد لە رێگەی خودا دا. ئەم جیهادەش ئەو ململانییەیە کە هەم بە دژی ئەو کەسانەیە کە ئیمان یان نە هێناوە و هەم بە دژی ئەو کەسانەیە کە لە کۆمەڵی موسوڵمانان دا کوفر و گەندڵیان بەرهەم هێناوە. لەو نێوەش دا کار و پیشەی فوندەمینتالیستەکان ئەوەیە بزانن بە کە

ڵك وەرگرتن لە نێوئاخنی كام حەدیس و كام برگە لە بەرهەمی سەدان ساڵ لە مەو بەر، پاساو بۆ جینایەت و ئینسان كوژیی خۆیان لەو رودا دەبێنەوە و لە هەمان كاتیش دا بۆ پیرۆز كردەنی، بە شەقل و موریی ئاینیی بیڕازیننەوە.

بۆیەلیرە دا دەتوانین بڵێین بونیاتگەرایی ئیسلامی بە شێوەیەک لە بیر و باوەڕی ئاییني دەگوترێ، كە دەیهەوێت یاساكانی كۆمەڵ لە بوارەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەرهەنگی لە شەڕیعەتی ئیسلامەوە هەلێنجێ و بنەماكانی ژیانی كۆمەڵایەتی بە لەبەرچاوگرتنی یاساكانی ئیسلام، بێ سەرنجدان بە هەلومەرج و ڕادەی پێشكەوتنی كۆمەڵ داسەپێنێ. جگە لە هەموو ئەوانە، بونیاگەریی ئیسلامی دیاردەیەكی پارادوكسیشە.

پارادوكس بەو مانایە، لە لایەكەوە لە پیناوەیی بەرهەم هێنانەوەی خۆی وپەیامەكەی كەڵك لە نوێترین تكنوولوژی رۆژئاوا وەردەگرێ، كە چی لە هەمان كاتیش دا كەلەپوری عەلمانیەت و عەقلانیەتی روشنگەریی بە هۆكاری سەرەكیی دواكەوتووی كۆمەڵگای موسولمانان لە قەڵەم دەدا. ئەوەی رولێكی سەرەكی لە ناسنامەی گروپێك دا

دەگێڕێت دوزینەوە و بوونی دوژمنێکی هاو بەشە. بونیادگەرایش بە رەتکردەنەوەی سیستەمەسیاسییەکانی رۆژئاوا، وەک سەرمایەداری وناسیونالیزم و سوسیالیزم کە هەر سێکیان قەوارەگەلێکی عەلمانین، لە هەوڵی ئەوە دایە لە بیرو رای گشتی خەڵکی دا، خۆی بە فریادرەسێکی رزگایی دەر لە قەلم بدا کە دەبێ کۆمەڵگا لە فەساد و گومراهی و تێك چوونی شیرازەی کۆمەلایەتی و کولتوری مودیرنیتە رزگار بکات. بە لای بونیاد گەراییەوە، مودیرنیتە، کولتورو تێڕامانی مرۆڤی شیواندوە و بیری موسوڵمانەتی، بەرو هەرەس و لاوازی بردەوە. واتە بە بڕوای بونیادگەرایی، مێژووی مرۆڤایەتیش بە رێگەی هەڵەدا بردەراوە و لە ئاکامی ئەو کولتورە کفراوییە، موسوڵمانانیش لە مێژووی راستەقینە و رەسەنی خۆی بە تەواوی گەڵبڕاوە. ئەم کەش وهەوایە بونیاد گەرایی دێنێتە سەر ئەو باوەڕە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم بارودۆخە، بیریی بە دەوڵەت بوونی لا گەلاڵەببێ و هە ر بۆیەهێنانە سەر کاری دەسەلاتێکی ئیسلامی دەخاتە دەستووری کارەوە. ناوەڕۆک و چەشنی ئەم دەوڵەتەش دەبێ نێوەرۆکێکی "ئیدئۆلۆژیک"ی بەخۆیەوە بگرێت و بەڕێوەبەری یاساکانی ئیسلام لە کۆمەڵدا بگرێتە ئەستۆ. واتە لێرەدا ئایین و

دەوڵەت بە تەواوی پێکەوە گرێدەدرێن و لە دەوڵەت وەک ئامرازێک بۆ دابەزاندنی ئایینی ئیسلام کەڵک وەردەگیرێت و دین و سیاست بە وێنەی دوو ڕووی یەک دەراو دە ژمێردرێن. بە کورتی  بلێین لە ڕوانگەی بونیاتگەرایی ئیسلامیەوە، ئیسلام پەیام و حوکمرانیە، شمشیرو قورئانە، ئایین و دەوڵەتە، ژین  و ژیانە، حەیات و مەماتە. ئەم تیئوریەش بە پەشت بەستن بە دەقەکانی ئاینی ئیسلام لەلایەن زانایانی شیعە و  سوننە کاری فیکریی لە سەر کراوە وبە شێوەی جۆراو جۆر هەوڵی تیئوریزە کردەنی دراوە. بو وێنەلە لای ئەهلی سوننە ئەبوو عەلای مەودودی بنەما فیکرییەکانی تیئوریزە کردەوە و سەید قوتپیش هەوڵی داوە بەڵگەی ئاینی پتری بۆ بەرهەم بینێ. بە گوێرە ی ئەم تیئورەییە تاکە دەسەڵاتی رەوا لە سەر عەردیی، حوکم ، حوکمی خودایە و گشت جۆرەکانی تری دەسەڵات دەچێتە خانەی جاهلیتەوە. لە نێو ئەهلی شیعەش دەتوانین بیروڕاکانی خومەینی بەوێنەبێنینەوە. بە بڕوای هەر دوو لایان ئاینی ئیسلام   سەرەڕای تێپەڕبوونی "1400" ساڵ لە تەمەنی، دەتوانێت وەڵامدەری هەموو گیروگرفتەکانی سەردەمی ئێستا بێ، کە مرۆڤ ئەتۆمی قەڵەشاندنەوە و لە سەر مانگ دابەزیوە و زانست  و ئامراز

و کەرەسەی بەرهەمهێنان بە پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیشتووە، بێت.

تایبەتمنەندیی هەرەگرینگ و سەرەکیی ئەم دیاردە فیکریە ناهاوچەرخ بوونییەتی. لە دونیای ئەوڕۆدا بە لە بەر چاو گرتنی ئەو هەموو گەشە و گۆڕانکاریانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بە خۆیەوەبینیوە، بونیاتگەرایی ئیسلامی ناتوانێ شتێک جگە لە دیاردەیەکی ناهاوچەرخ بێ کە تەمای گەڕانەوەی کۆمەڵی بۆ سەدەکانی ڕابردوو لە تەنگەی باخەڵدایە.

ئەوە ڕاستە جیهانی سێهەم هێشتا نەیتوانیوە شوێنەوارەی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری بە تەواوی بەڕەوینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ژێرخانی ئابووری بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم، قۆناغی سەردەمی فیۆدالیزمی تێپەڕاندوە و شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جێگیر بووە و ئەم ڕەوتە بە تەواوی لە نوقتەی بەرانبەری بیری بونیادگەرایانەی ئیسلامی دایە کە وەک دیاردەیەکی ناهاوچەرخ لە هەوڵی گەڕانەوەی ئەو وڵاتانە بۆ دۆاوە دایە. لێرەوەیە بە هاتنە سەرکاری شێوە حکومەتێکی ئەو توو، ناتەبایی نێوان سەرخان و ژێرخانی

کۆمەڵ دەسپێدەکات. لە لایەک ژێرخانی ئەو وەڵاتانە چوونەتە قۆناغی سەرمایەداری، و لە لایەکی تریشەوە ئەم بیرو باوەڕە بە هۆی نێوەرۆکی دواکەوتوانەی ناتوانێ دەگەڵ شارستانیەت و ژێرخانی ئەو وەڵاتانە حەوانەوەی بۆ بکرێ.

جگە لە هەموو ئەوانەش، لە هەلومەرجی ئێستادا بونیادگەرایی ئیسلامی بزوتنەوەیەکی سیاسیشە، کە لە ئاست دەوڵەتەکانی " لائیک" یا خود ئەو ڕەژیمانەی کە لە وڵاتەکانیاندا بە بەڕێوە بەری ڕاستەقینەی"ئیسلام" نادرینە قەڵەم، سەر هەڵدەدا و دەسەڵاتی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی، وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هۆی سەرەکی پاشکەوتوویی وڵاتەکانیان لە قەڵەم دەدا و هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی ئیسلامی بەتاقە ڕێگە چارەسەر بو موسوڵمانان دەخاتە روو.

واتە مەبەستی بونیادگەرایی ئیسلامی جێگیر کردنی چەند کەسێکی موسڵمان لە پلە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی دا نیە، یا خود مەبەستی ئەوە نیە دەوڵەتەکان بە هەندێک ڕێوڕەسمی شەڕیعەتی ئیسلام ناچار بکرێن. بەڵکوو هەر وەک لە سەرەوەو هێمامان پێکرد، بونیاتگەرایی ئیسلامی

وەک جوڵانەوەیەکی فیکری و سیاسی لە هەوڵی ئەوەدایە لە دەوڵەت وەک کەرستە و ئامرازێک بۆ دابەزاندنی یاساکانی ئیسلام کەڵک وەربگیرێ و دەزگای دەوڵەت روڵی بەڕێوەبەری یاسا کانی ئیسلام لە کۆمەڵدا لە ئەستۆ بگرێ. *لە روانگەی* بونیادگەرایی ئیسلامییەوە دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی فکرییە لە سەر بناغەی شەڕیعەتی ئیسلام و، شەڕیعەتی ئیسلامیش بە نێردراوی خواو و بە یاسایی دین و دونیا دەژمێرێ.

# ئینتەرناسیونالیزمی خەیالیی

بە گوێرەی  بیری بونیاد گەرایان، سنورو کەوشەنی قەوارەیەکی ئیسلامی، خۆی لە بازنەی هەرێم و ناوچەیەکی قەتیس دا کراودا نابێنێتەوە. بەو هویە کە ئاینی ئیسلام  خۆی بە ئایینێکی ئاسمانی گشتگر دەزانێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بە بێ لەبەر چاوگرتنی مەسەلەی ڕەگەز و ڕەنگ و هەرێم لە گشت جیهاندا.

ئیسلام وەک مەسیحیەت دێنێکی ئنتەرناسیونالّە. لە سەردەمی خۆی دا مەسیحیەت وەک دینێکی ئینەرناسیول جۆرە برایەتییەکی تازەی داهێنا و خۆی لە بەسەر خۆداخرانی یەهودیەت راپسکاند. ئیسلامیش بە نورەی خۆی و لەم روەوە رمینی بو هەمان برایەتی پەیدا کرد و داوای یەکتر ناسین وئاشنابونی هەموو گەل و تیرە و خیڵەکانی کرد. هەردوک دین چەمکێکی تازەیان دەربارەی برایەتی دارشت کە لە لاهوتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئینتەرناسیونالیزمی دینی بەرگی برایەتی لە خووە پیچاو بە جۆرێك ئەو برایەتیلە قالب دا کە چوە چارچیوەی برایەتی لە مەسیحیەت دا یا برایەتی لە ئیسلامەتی دا. بە

ڵام هەر لە تیئۆری برایەتی دینیەوە دەمارگرژیی دینی سەر دەرهێنا. وەک چون لە مەسیحیەتیش دا ئینتەرناسیونالیزم بوە مایەی وەچەرخانی گەلانێکی زۆر لە بت پەرستی و جوت پەرستی و فرەخوایی یەوە بەرەو وەحدانیەت، لە ئیسلامیش دا ئنیتەرناسیونالیزم هەمان نەخشی گیرا. بەڵام گرفتەکە ئەوە بوو دینە ئینتەرناسیولەکان بە گشتی هیچ تیئوریکی روونیان بو رێکخستنی نێوان ئەتنیکەکان دانەڕشتوە. ئیسلام کە حەوت سەد ساڵ پاش مەسیحیەت لە بیابان سەر دەردێنێ، ئەگەر بێتو ئەوەی لە بارەی ریژیمی سیاسی و دەسەڵاتەوە دایهێناوە وهەمووی کۆی بکەیە و لە بێژنگی بدەی چ تیئوریکی روون و پوختی لێ هەڵناوەرێنێ. بە درێژای 23 ساڵ کە تەمەنی بانگەوازی ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەرە، ئینتەرناسیونالیزمێک کە بانگەشەی بۆ کرا، لە ئینترناسیونالیزمێکی وەیژەیی بەو لاوە هیچی تر نەبوو. ئەوەش بەڵگەیەکە کە لە زەمانی پێغەمبەر دا بێجگەلەعەرەب هیچ گەلێکی تر بڕوای بە ئیسلام نەهێنا. کاتێکیش عەربەموسوڵمانەکانیش پەل و پۆیان بۆ دەرەوە هاویشت و ئیمپراتوریە پان و پۆرەکەیان بە زبری شمشیر دامەزراند، ئەو دەسەڵاتە لەو سەردەمەش دا نەی توانی نمونەیەکی تر لە جۆریی حکمرانی پیشکەش بکات. هەر

بۆیەش بۆ نەگونجانی ئینتەرناسیونالیزمی دینی لەگەڵ دیاردەی فرە کولتوریی دا نەیدەتوانی تا سەر بێ دەنگەی لێ بکرێ و هیوای مانەوەی ئیمپراتووریی بە هاودینی ئیسلامیی بسپێردەرێ. واتە ئەم سازانەدینییە، هەمیشە نەسازانێکی نەتەوەیی تێدا بە دیدەکرا. کاتێك عوسمانیەکان لە سەدەێ شانزدەهەمی زاینی دا لە سەر سنوری قەڵەم رەوی دەوڵەتی بیزانس میرنشینێکی پچوکیان پێکەوەنا، کەس، تەنانەت خوشیان بیریان بو ئەوە نەدەچو کە لە ئایندەدا ئەم میرنشینە پچکولەیە دەبێتە دە ولەتێك، موچرک بە جەستەی ئوروپادا دێنێ. بە گرتنی کوستانتیبوبل، عوسمانیەکان بونە هاومالی ئوروپاییەکان و زۆری نەبرد دڵی بالکانیان سمی و گەیشتنە بوسنیا و کرواتیا و ئەدریاتێك. ئیمپراتوریتەکەشیان چەندین گەلی ئوروپایی و ئاسیایی، مەسیحی و موسوڵمان، بەجیماو و پیشکەوتوی ملکەچ کرد. بەڵام لە ئاخر و ئوخریدا سەردەمی سەروەریی خۆی پێچایەوە و نەما. ئیمپراتوریەتیش بووە پیاوێکی نە خوش. لە قۆناخەکانی دوایی دا بالکانیەکان بە زبری شۆڕش سەربەخۆیی خۆیان بە دەس هێنا. ئەستەمبولیش زۆربەی وەڵاتەکانی باکوری ئەفریقای لە دەس دا. لە ماوەی چل ساڵ دا، لەماوەی هاتنە سەر کاری

عەبدلحەمیدی دوهەمەوە، لە ساڵی 1876 دا ، تا بەرپابونی یەکەم جەنگی جیهانی، عوسمانیەکان زۆر شوێنیان لێ سەندەرایەوە. لە ئەنجامدا روسییەی تزاری چەند هەریمێکی دەوڵەمەندی ئاسیای پچوکی زەوت کرد. بریتانیا، عەدەن و قوبرس و میسری داگیر کرد. فەرەنسا دەستی بە سەر تونس و جەزایرداگرت. ئیتالیا لیبی کونترول کردو فەرانسەش بوسنیا. بەڵام سەیر ئەوە بوو سەرەڕای ئەو هەموو مەترسیانەش عوسمانیەکان نەیان توانی هیچ رێگا چارەسەرێک بۆ دۆخی گەلانێک کە هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی ناوەند بە سەر کاروباری تایبەتیان کەم بکاتەوە، بێنێتە گۆڕێ. لیرە دا بوو ، دوو باردۆخی دژ بەیەک سەریان دەرهێنا. یەکەم ، بەردەوام بوونی ئیمپراتوریەتی عوسمانی لەسەر کزی و فەوتان، دوهەمیان هەوڵی رەگەزە ناتورکەکان بۆ خۆپاراستن و ساخکردەنەوەی ناسنامەی نەتەوەییان. بۆ وێنە، لە کاتێکدا ترکەکان لە رووی سیاسیەوە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەت و بنچینەی هەموو بڕیارێکی سیاسی و کارگیری بوون، کەچی عەرەبەکان لەو پەڕی بێ دەسەڵاتی دابوون. نەسازانەکە لەوە دابوو کە ترکان قەرزداری عەرەب بوون، عەربیش لە رووی سیاسییەوە ملکەچی ترکان بوون و لە

هەمان کاتیش دا هیچ لایەکیان قایل بۆ ملکەچکردنی دەسە ڵاتی ئەوەی تر نەبوو.

## ئیسلامییەوە

هاوکات لەگەڵ ئەوە لە روانگەی بونیادگەرایانەوە ئایینی ئیسلام، ئایینێکی سیاسیشە، لە قورئاندا "ئوسوول " و "ئەحکام"ی جۆربەجۆر وەک فەرز و ئەرک بۆ مۆسڵمانان دیاری کراوە. هەرلە چونیەتی ژیانی هاوبەش و "تەڵاق" و جیهاد و سەدەقە ومیرات و نوێژ و ڕۆژوو وزیارەتەوە بگرە ،تا مەسەلەی حکمرانی وڵات. بە گوێرەی بیری بونیادگەرایان لە جیهانی ئیسلامیدا بە درێژایی بوونی دەوڵەت ، دین بریتی بووە لە پێوەر و دادوەر و دەوڵەتداری و گەورەترین ئەرکی ئایینی و بە تەعبیری هەندێک لە زانایانی ئیسلامی(مەعرووفی ئەکبەر) بووە.

پێکهێنانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وەڵات بە یاسا و ڕێسای ئیسلامی، بنەڕەتی ئەرک و پێویستییەکی باوەڕی بووەوە ودەوڵەت مەشرووعیەتی خۆی لە دین و دەزگای ئایینی یە وە وەرگرتووە. هەر بۆیەش بووە، پەیامبەری ئیسلام نەخشەی پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی کێشاوە. سەرەتای ئەم ڕەوتەش پەیمانی عەقەبەی دووەم بوو، پێش کۆچکردن بۆ مەدینە. وەک دەگێڕنەوە ژمارەیەک لە مۆسڵمانانی

مەدینە کە رادەیان  حەفتا و سێ پیاو و دوو ئافرەت بووە لە شوێنێکی نیزیکی مەککە دەگەنە دیداری پەیامبەر و داوایان لێ دەکا :

گوێڕایەڵ بن بۆ خودا لە هەموو سات و کاتێکدا، لە فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپە.

لە مێژووی ئیسلامدا ئەم ڕێککەوتنە بە یەکەم پەیمان دەژمێردرێ لە نێوان مۆسڵمانان و پەیامبەر بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.

بەگوێرەی دیدیی بونیادگەرایان بە پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە، پەیامبەر چەند سیفەتێکی تایبەتی وەرگرت. سیفەتی پەیامبەری و بانگەواز کردن بۆ ئاییـنی ئیسلام، سوونەتی سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی، سوونەتی داوەر بۆ داوەری کردن لە نێوان  گرفت وتەنگ و چەڵەمەکانی  هاوڵاتیاندا و ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی سوپای بەرگری و داڕێژەری یاسا و نامە نیگاری لەگەڵ سەرۆک و پاشای وەڵاتان و دیاری کردەنی فەرمانبەر و نوێنەر بۆ شار و ناوچەکان .

لە خۆڕا نیە ،هەر لە سەرەتای لە دایک بوونی ئاییـنی

ئیسلامەوە، مێژووی ئەم ئاینە دەگەڵ مێژووی ڕاپەڕاندنی کاروباریی"دونیایی" ئاوێتە ی یەکتر بوونە و بە شێوەیەکی توند و تۆڵ و جیانەکراوە بە یەکەوە گرێ دراون.

واتە ئایینی ئیسلام هەر لە دەستپێکی سەرهەڵدانیەوە تەنیا بانگەوازێکی ئاسمانی و روحی نەبووە کە تەنی گرینگی بە ڕەوشت و رێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە خواوە بدات، بەڵکوو ئەگەر لە لایەک لە دەقەکانی ئەم ئائینەدا ئەحکامی بەندایەتی و ڕەوشت و بیرو باوەڕ دیاری کراوە، لە هەمان کاتیش دا دەستووری واشی تێدایە، پەیوەندی بە فەرمانڕەواییەوە هەبێت.

وەکوو: ڕاوێژکاریی (شووڕا) بەرپرسیاریی فەرمانڕەوایان، ئەحکامی شەڕ و ئاشتی و پەیمان بەستن.

هەر بۆیە لە سوننەتەکانی پەیامبەردا وشەی ئەمیر (فەرمانڕەوا)، پێشەوا(ئیمام)، دەسەڵاتدار(سوڵتان)گەلێک جار دووپات بوونەوە.

ئەم دەستەواژانەش ئەو کەسانە دەگرێنەوە کە لە وڵاتێکدا خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوا بن و جێ بە جێ کردنی ئەم چەمکانە بە فەرزی سەر شانیان داندراوە.

هەر لەم پەیوەندەی دا، لە شەڕیعەتی ئیسلامدا کۆمەڵە ئەحکامیکی وەکوو: سزادان، پێویستی فەرمانڕەوایی کردن بە پێی قورئان و خەبات لە ڕێی خودا ، بەرچاو دەکەون کە مرۆڤی تاکە کەس خۆی لە خۆیەوە ناتوانێت بە بێ بوونی دەوڵەت جێ بە جێی بکات.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەم هۆیانە و بۆ جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی شەڕیعەت، دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم هەنگاو دەژمێردری کە دەتوانێ ئەم چاوەڕوانییانە بێنێتە دی.

بەمجۆرە وەک بۆمان دەردەکەوێ بۆ بۆنیاتگەرایی ئیسلامی، ئایین تەنیا پەیوەندیکی روحی نێوان خودا و بەندە نیە، بەڵکوو بەڕای ئیسلامی سیاسی ئەوپەیوەندیە ڕۆحیە تێکەڵ بە سیاسەت و کاروباری دەوڵەت و پڕۆسەی دانانی سەرۆک و پێشەوا بۆ وەڵات دەکرێ.

لەم کاتانە دایە بونیادگەرایانی ئیسلامی وەبیرمان دەخەنەوە کە، (ئەبووبەکری سەدیق)،دوای کۆچی دوایی پەیامبەر بەو پێوەرە کرایە خەلیفە و پێشەوای مۆسڵمانان کە پێغەمبەری خودا لە کاتی نەخۆشێیەکەیدا فەرمانی پێ کردبوو، پێش نوێژی بۆ مۆسڵمانان بکات. بۆیە هەر لە بەر

ئەو هۆیە دوایە کرایە خەلیفە و سەرکردەی دەوڵەتیی ئیسلامی. لێرەدا بە مەبەستی ئەوەی  پتر مانای ڕاستەقینەی بونیاتگەرایمان هێنابێتە بەرباس، با پێکەوە سەرنجێک لە بیروراکانی "خومەینی" وەک گەورەترین ڕێبەری بزوتنەوەی بونیاتگەرایی ئەو سەردەمە بدەین.

ناوبراو لە سەر ئەو باوەڕەیە ئیسلام ئێستاش دەتوانێت وەڵامدەری گشت ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بێ و لەم پێوەندیەدا دەنووسێت:( لەو نیزامە حقوقیەدا هەرچی پێویستی مرۆڤایەتیە دابین کراوە. لە چۆنیەتی هەڵسووکەوت لەگەڵ دراوسێ و خێڵ و خزم و کەس و هاوشاری و ژیانی خێزانەوە بگرە،  تا دەگاتە یاساکان و موقەدەراتی پەیوەندی بەشەر و ئاشتی و تێکە ڵاویی لە گەڵ نەتەوەکان و یاسای سزادان  و بازرگانی و پیشەسازی و کشت و کاڵ) وە.

وتەکانی خومەینی گەلێک لەوە ڕوونترە کە پێویست بە شیکردنەوە بکات. ئەو بە ڕاشکاوی لە درێژەی ئەم بیرەی دا لەوە دەدوێت کە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت کاری ئیجرائیە و لەچوارچیوەی ئەو  نیزامەدا بەشی یاسا دانان بە پێویست نازانرێت.

به و هۆیه كه یاسادانان تەنها له خودا دەوەشێتەوە. ئەحكامی ئەویش به هۆی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر بۆ مرۆڤایەتی به خەلات هاتووه.

هەروەها خومەینی لەم بارەیەوە دەنووسێت:

دوای پێک هاتنی دەوڵەت، پێویستییەک نابێندرێت بۆ دانیشتن به مەبەستی دیاریکردنی یاساكان، هەموو یاساكان به ئامادەكراوەی له بەر دەستدایه، تەنها بەرنامەكانی وەزارەتی دەمێنیتەوە، كه ئەویش به یارمەتی و هاوكاری ڕاوێژكاران و كارگێڕانی پسپۆر له بەشه جۆراوجۆرەكان و له كوڕێكی ڕاوێژكاریدا پەسەند بكرێت.

هەر لەم پەیوەندییەدا خومەینی له وتارێكی دیكەدا كه له ڕێبەندانی ساڵی" 1357" له ڕۆژنامەی "كەیهان" دا چاپ كرابوو، پتر مانایی دەوڵەتی ئیسلامی شی دەكاتەوە و دەنووسێت:.

"حكومت اسلامی هیچ یک از انواع حكومتهای موجود نیست. مثلا استبدادی نیست كه رئیس دولت مستبد و خود رای باشد. ماڵ و جان مردم را به بازی بگیرد...حكومت اسلامی نه استبدادی است و نه متلق بلكه مشروط است. البته نه

مشروط به معنى متعارف فعلى  آنكه تصويب قاوانين تابع آرا اشخاص و اكثريت باشد. مشروط از اين جهت كه حكومت كنندگان در اجرا و اداره مقيد به يک مجموعه شرطها مستند كه در قرآن كريم و سنت رسول اكرم معين گشته است. مجموعه شرط همان احكام و قوانين اسلامى است، كه بايد رعايت او اجرا شود.

از اين جهت حكومت اسلامى حكومت قوانين الهى بر مردم است.

فرق اساسى حكومت اسلامى با حكومت هاى مشروط سلطنتى و جمهورى در همين است...مجموعه قوانين اسلام كه از قرآن  و سنت گرد آمده، توسط مسلمانان پذيرفته و متاع شناخته  شده است، اين توافق پذيرفتن كار حكومت را آسان نمود".

كه واته له ڕوانگەی خومەينيەوە، دەوڵەت يا خود دەسەڵاتی سياسی پێويستە ئايينی و شەرعی بێت و ئەركيشی ئەوەيە ياساكانی ئيسلام له كۆمەڵدا بەڕێوەبەرێت و لەو رووەوە  هيچ دەوڵەتێكی تر ناتوانێت لە لای موسڵمانان قابيلی  قەبوڵ بێت. بەم جۆرە وەک دە

بێنین لە مێژووی بیریی بونیادگەرایی ئیسلامیدا، بۆ خوێندەنەوەی چەمکی دەسەڵات و بەڕێوەبەردەنی دەسەڵات تا ئێستا، تەنیا یەک تیئوری خراوەتە روو، ئەویش تیئوریی سەروەریی خوداییە کە بە الحاکمییە الالهیە ناسراوە.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەکۆ و زێدی بونیاتگەرایی ئیسلامیە

دیاره لێرەدا کاتێک دەڵێین ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زێدەی ئەم هزروبیرەیە، مەبەست لەبارەیی فەرهەنگی یەوەیە، نەک باریی جوغرافیایی. یانی سەرجەمی وڵاتانی عەرەبی و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان و تورکیە و گشت موسڵمانانی وڵاتی هێند و تەنانەت دەتوانین بڵین کۆمارە موسڵمان نشینەکانی سۆڤیەتی ڕابردووش کە لە پێشوودا پەیوەندیەکی فەرهەنگی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبوو، ئەوڕۆ ڕووداوەکانیان لە سەر یەکتر شوێن دانران و پەیوەند یەکی توند و تۆڵ یان دەگەڵ وەڵاتانی ئیسلامی دا هەیە.

مەسەلەیەک کە هەموو خەڵکی ئەو وەڵاتانە بە یەکەوە گرێ دەدا هەستی موسڵمانیەتی یە، لە بەرانبەر ناموسڵمانیەتی دا و بە تایبەتی دژ کردەوەی وەک یەک لە ئاست دەسەڵات و نفوزی وڵاتانی ئوروپاییە لەوەڵاتەکانیاندا.

بۆیە بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستییانە دەتوانین بڵێین بونیاتگەرایی ئیسلامی دیاردەیەکی جیهانی سێهەمی یە. جیهانێک کە خاوەنی گەلێک کانگای ژێرزەمینی یە، بەڵام

خەڵکەکەی لەو پەڕی هەژاری  و بێ دەرەتانی دا دەژین .
لەگەڵ ئەوەی خاوەنی نەوت و گەلێک کانگای ژێرزەمینی زۆر و زەوەندە، بەڵام تا ئێستای لەگەڵ بێ، نەیان توانیوە لەو ئیمکاناتە بە قازانجی بردنە سەری ئاستی ژیانی دانیشتوانی وڵاتەکانیان و مدرنیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و زانستی و تکنۆلوژی وڵاتەکەیان کەڵک وەربگرن.

ئەم مەسەلەیە دیاردەیەکە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بوەتە جێگای باس و مشت و مڕ لە سەر کردن. ژمارەیەک لە خوێندکارانی وەڵاتانی جیهانی سێهەم ، کە بۆ یەکەم جار ڕوودەکەنە ئورووپای مەسیحی و لە نزیکەوە شاهێدی ئەو هەموو گۆڕانکارییە مەزنە ی ڕۆژئاوا دەبن، دێنە سەر ئەو باوەڕە کە هۆی سەرەکی دواکەوتوویی وەڵاتەکانیان، ئایینی ئیسلامە وهەربۆیەدەکەونە لایەنگری و قوزتنەوەی فەلسەفەی  و بیری سیاسی ڕۆژئاوا.

بە پێچەوانەی ئەم ڕوانگەیە و پێی بە پێی هاتنی وەڵاتانی ئیستعماری بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، زانایانی جیهانی ئیسلامیش دەکەونە خۆ و لە هەوڵی ئەوەدا دەبن لە مەڕ هەژاری و دواکەوتویی وڵاتەکەیان بکەونە بیر. لەو دەمەوە

تا ئێستا ڕوانگە و بۆچوونی جۆراوجۆ لە جیهانی ئیسلامیشدا بۆ وەڵامدانەوە بەم دۆخە هاتۆتە گۆڕێ.

ڕوانگەیەک پێی وابوو، بەردی بناغەی فەلسەفەی وەڵاتانی ئورووپایی لە سەر دژایەتی دەگەڵ دینێ ئیسلام دامەزراوە و نیزیکی و کەڵک وەرگرتن لە "زانست و پێشکەوتنەکانی مودیرنی ڕۆژئاوا" بە مانای لە کیس چوونی دینێ موسڵمانان تەواو دەبێ. لەم سونگەیەوە ئەم ڕەوتە، نەتەنیا کەوتە دژایەتی دەگەڵ نفوز و دەسەڵاتی وڵاتانی ئیستعماری لە ناوچەکەدا، بەڵکوو کەوتە خانەی بەربەرەکانی دەگەڵ" زانست و پێشکەوتنەکانی مودیرنی ڕۆژئاوا و لای وابووکۆمەڵگای موسڵمانان پێویستیان بەو بەرهەمە نیەکە لەویوەوە هەنارده بکرێ.

ڕوانگەیەکی تر هەوڵی دا بکەوێتە دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێکیتر بۆ مەسەلەی گرفتی دواکەوتوویی لە وڵاتەکەیاندا. ئەو روانگەیە، لای وابوو بێ ئەوەی پێویست بێ، لە بیرو فەلسەفەی سیاسی مودێڕنی رۆژئاوا وەک مەسەلەی شێوەی حکومەت کردن ، مافی هاوڵاتیان، پەیوەندی ئایین و ئینسان و پەیوەندی ئایین و دەوڵەت، لە سیستەمی فیکریی ئوروپا پیرەوەیی بکرێ، دەتوانێ کەڵکی

ئامرازیی لە رۆژئاوا وەربگرێ و شوێنەواری دواکەوتوویی لە وەڵاتدا قوتار بکرێ. واتە، لەم بۆچوونەدا پێشکەوتنەکانی تکنوولوژیی لە فەلسەفەی سیاسی رۆژئاوا جیا دەکرایەوە و پەرژینێکی ناقۆڵا هەلدەبەسترا. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت ئەم ڕوانگەیەش لە"ئۆتۆپێك" شتێك زیاتر ناتوانێ ببێ و دەسکەوتەکانی دونیای رۆژئاوا، پێوەندییەکی زیندوویی دەگەڵ بیرو دنیا بینی ئەو وڵاتانەوە هەیە و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژێرخانی ڕۆژئاوا، ناتوانێ شتێک جگە لە گەشە کردنی سەرخانی ئەو وەڵاتانە بێتە هەژمار.

ڕوانگەیەکی تر، ڕێگای ڕزگاری جیهانی ئیسلامیی لە یەکگرتنی سەرجەمی موسڵمانان و کاربەدەستانی وەڵاتانی ئیسلامی و زیندووکردنەوەی بایەخەکانی دێنێ و هەوڵدان بۆ بوژانەوەی سەرلە نوێی گەورەیی و مەزنی ڕابردووی موسڵمانان دا دەبێنییەوە. سەرقافڵەی ئەم کاروانەش بە هاتنە مەیدانی سەید جەماڵ الدینی ئەفغانی دەست پێ دەکا.

هەوڵەکانی سەید جەماڵ الدینی ئەفغانی ئەگەر چی نەیتوانی بە ئاکامی سەرکەوتوانەی خۆی بگا، بەڵام

بەڕاستی توانی گەورەترین کاریگەری لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێ. سەردەمی کارو وژیانی جەماڵەدین ، سەردەمی گەشە و بە خوداهاتنی ئوروپا و لە هەمان کاتدا پەلوو پۆ هاویشتنی دەسەڵاتی رۆژئاوا بۆ وەڵاتانی ئیسلامی بوو.

لەو کات و ساتە دا ئەفغانی لەوە بە پەرۆش بوو، کە کۆمەڵگای موسڵمانن بوئاوا لێک دابڕاو و پڕش و بڵاوە و نەیان توانیوە ئاستی پێشکەوتنەکانی خۆی بگەینێتە پلەی ڕۆژئاوا. گەورەترین پرسیاری ئەفغانی ئەوە بوو، بزانێ بۆچی کۆمەڵگای موسڵمانان تووشی ئەم رۆژەرەشیە هاتوە، بەرەو کزی و لاوازی ملی ناوە و بە وتەی ئەو لەو پەڕیی شکۆ و مەزنییەوە بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشتووە. ئەفغانی لە یەکێک لە وتارەکانیدا کە لە ژێر سەردێڕی "چما کۆمەڵگای موسڵمانان ئاوا کز و داماو بوون"، سکاڵای خۆی بەم چەشنەی خوارەوە دەردەبڕێ و دەنووسێ:

"این چە بلایی است نازل گشتە است؟ این چە حالی است پیدا شدە؟ کو آن عزت و رفعت؟ چە شد آن جبروت و عظمت ؟ کجا رفت آن حشمت و جلال؟ این تنزل بی اندازە را علت چیست؟ این مسکنت و بیچارەگی را سبب کدام است؟ آیا می توان در وعدە الهی شک نمود؟ معاذ اللە. سبب را از کجا

پیدا کنیم؟ علت را از کجا تفحص کرده واز که جوایا شویم جز اینکه بگویم انا الله لا یغیرو مابقوم حتی یغیروا بانفسهم."

له بەشی دووهەمی وتارەکەی دا ئەفغانی پتر سفرەی دڵی خۆی دەکاتەوەو زۆرتر له سەر ئەم مەسەلانه پێدادەگرێ و دەنووسێ:

" تمام ملوک روی زمین از نام اجداد گرامی ما بر خود می لرزێدند. در حضورشان تفاضل و فروتنی می کردند. از روم و فرنگ اسیر می آوردیم ، از حبشه غلام و کنیز می گرفتیم، بتان هند را سرنگون می کردیم، بتخانەها را خراب می نمودیم، علمای جلیل ، سلاطین مقتدر و شاکر و جرار داشتیم، صاحب ثروت و مکنت بودیم ، به اجانب محتاج نبودیم، لوازم زندگی خود را فراهم می داشتیم، به یک کلمه جامع همه اسباب پاک را صحیح و تمام نعمتهای خداوندی را در وجه اکمل داشتیم. لکن جملگی از دستمان به در رفت و در عوض فقر و پریشانی ، ذلت و نکبت، احتیاج و مسکنت به بندگی و و عبودیت در ما پیدا شد".

ئەم دۆخه ناڵەباره ئەفغانی دێنێته سەر ئەو باوەڕە به

مەرجێ کاربەدەستان و سەرانی دەوڵەتیی و زانایانی ئایینی یەک بگرن وقورئانی پیرۆز بکەنە بنەمای یەکێەتی یان، دەتوانن سەر لە نوێی سەردەمی خەلافەتی زێڕینی ئیسلامی بژێننەوە ولە هەمان کاتیش دا دونیای ئیسلام خۆ بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ دەسەڵاتی ڕوو لە گەشەی ئورووپا ئامادە بکا.

ئەفغانی بۆ گەیشتن بەو مەبەستەشی بە دایم لە وەڵاتێکەوە بۆ وەڵاتێکی تر لە هاتووچۆدا بوو. ڕۆژێک لە عێراقەوە بۆ هێند و بەنگاڵ و کەڵکەتە و ڕۆژێکی تر بەرەو ئەفغانستان و بە دەیان ساڵێش مانەوە لە میسر و عوسمانی. هەر ئەفغانی بوو، بە دوای "تەبعیدی" بۆ بەسرە لە لایەن ناسرەدین شاوە، نامەیەکی بۆ میرزای شیرازی نووسی و داوای لێ کرد، لە سەر تحریمی تەنباکوو(تووتن) فتوا دەربکا. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەفغانی هەوڵی دا قسەی دڵی لە زمان گەورەپیاوانی ئایینی یەوە بە خەڵکی بگەیێنی و بە هوی ئەوانە بیروڕای گشتی خەڵك بهەژێنێ. بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی ئەفغانی هەر لە بواری کار و هەڵسورانی سیاسیدا نەمایەوە. سەید جماڵ الدین ویستی تا ئەو جێگەیەی دەتوانێ لە باریی فیکرییشەوە لە

ناو جیهانی ئیسلامیدا کەسایەتێکی کارتێکەرو شوێندار بێ و بۆ تاکی موسوڵمان پرسیاری گرینگ بروژێنێ. سەید کۆمەڵگای موسڵمانانی هان دەدا بایەخ بەفیر بوون و زانست و فەلسەفە بدەن و لەم بارەیەوە ڕوو لە موسڵمانان دەکاو بە گلەییەوە پێیان دڵێ: " شخص عالمی می نشیند و از شب تا صبح در کنار یک کتاب مطالعه می کند. اما یک بار از خودش نمی پرسد که چرا اگر من حباب این چراغ را بردارم، این چراغ دود خواهد کرد و تا این حباب روی این شعله است چراغ این شعله ملایم و هموار می سۆزد و دود نمی کند. دهها کتاب را در زیر نور این چراغ می خواند اما یک بار نظرش معطوف به چراغی که به او مدد می رساند ، نمی شود".

هەر چەندە هەوڵەکانی سەید جەماڵ الدین نەیتوانی بە ئاکامی سەرکەوتوانەی خۆی بگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو توانی گەورەترین شوێنەواری فیکری لە پاش خۆی بە جێ بێڵێ و ئەوڕۆ ناوی ئەو بە ڕچەشکێن و بە سەرقافڵەی ئەم کاروانە بدرێتەقەڵەم کە بە ئیسلامی سیاسیی دەناسرێ.

لە دوای کۆچی سەید جەماڵ الدین لە ساڵی 1897 ڕێگە و بیری ئەو درێژەی پێ دەدرێ.(محمدی عبده )لە نێوان

ساڵەکانی  1849  تا  1905  زاینی  دەبێە ڕێبواری ڕێگاو درێژەدەری بیری سەید جماڵ الدین.

عبدەش هەر بە وێنەی ماموستاکەی ،خەمی هەرە گەورەی خەمی دواکەوتویی کومگای موسلمانانی بە کۆڵەوە بوو. سەرقالیی ئەویش گەڕان بە دوای دوزینەوەی ڕێگا چارەسەرێک بوو ، بۆ ماڵی لێکترازاوی موسوڵمانان. عبدە لە کاتی گێڕانەوەی دۆخی کۆمەڵگای موسوڵمانانی ئەو رۆژگارە دەنووسی، بە لای عبدەوە دەرمانی ئەو دەردەش گە ڕانەوەبو دەقەکانی ئاینە. هەر بۆیەش  پێی وابوو  پێک هێنانی حکومەتێکی ئیسلامی، تەنیا بە هۆی "دینەوە" دەتوانێ بێتە دی و بۆ ئەم مەبەستەش موسوڵمانان پێویستیان بە هیچ قانوونێکی کۆمەڵایەتی تر نیە.

عبدە لەهەمان کاتیش دا لە  سەر ئەو باوەڕە بوو  ئەگەر ئیسلام بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەڕێوە بچێ، هیچ ناتەباییەکی دەگەڵ" نوێبوونەوە و دنیای زانست " نابێ و گەلێك داهێنان ودەسکەوتی گەورە کە تائێستا بە ناڕەوا لەسەرناوی رۆژئاوا تاپۆو بووە، دەتوانین لە مەعاریفی ئیسلامی دا وەیان دوزین.

لەمێژووی بیری بونیادگەرایی، لە دوای سەیدجەمالالدین و عبدە لە ڕەشیدی ڕەزا وەک گەڵاڵە داڕێژەر و تئۆریسینی بیروکەی حکومەتی ئیسلامی نێو دەبردرێ. رەشیدی رەزا قوتابی عبدە بوو. نابراو توانی لە سەردەمی ژیانی خۆی دا کاریگەرییەکی گەورە لەسەر گەشەکردەنی بیری ئیسلامی بە گشتی و دامەزراندنی ریکخراوی ئەخوان المسلمین بە تایبەتی دابنێ.

سەردەمی ژیان و خەباتی رەشیدی رەزا، چاخی هەلوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی بوو. کاتێ لەو قوناخەدا ئاتاتورک ویستی پاش هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی، حکومەتێکی لائیک پێك بینی، زۆربە توندیی لە لایەن ڕەشیدی ڕەزاوە لەگەڵ دەژایەتی بەرەو ڕوو بوو.

ڕەشیدی ڕەزا هەر لێرەوە بوو کەوتە بیری تئۆریزەکردنی حکومەتی ئیسلامی و بەربەرکانی دەگەل هەموو ئەو قەوارەسیاسی یانەی پەشت ئەستوور بەدەقەکانی ئاینی ئیسلام نەبوون.

لە دوای رەشیدی رەزا ، مەحمەدی ئێقبال 1876 تا 1938، شاعیر و خاوەن بیری پاکستانی بە یەکێکی تر لەو

کەسانەدەژمیردەرێ  کە ویستوویەتی لە ڕێگای کاریی فیکریەوە گۆرانکاری لە جیهانی ئیسلامدا پێک بێنێ.

محمەد ی ئێقباڵ  لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لێی دەپرسن بۆچی موسڵمانان وەک ڕابردوو لە شکۆ و مەزنی پێشوو بەهرەمەند نین، دەڵێ: "موسڵمانان بە هۆی ئەوەی کە بیرو باوەڕی ڕابردووی خۆیان لە کیس داوە ئیتر ناتوانن لە ئاست هێرشی جیهانی رۆژئاوا، پارێزگاریی لە ئایینی خۆیان بکەن و هەر بۆیە لای وابوو، کیفایەتی ئەوەیان نیە وەک ڕابردوو شکۆ و مەزنی خۆیان بپارێزن".

لەم نێوەدا "ئەبوعەلای مەودودیی" 1903 تا 1980 وەک بناغە دارێژەری ڕێکخراوی جەماعەتی ئیسلامی لە پاکستان بە پێچەوانەی بیرو ڕای ئەفغانی و عەبدە و ئێقباڵ کە پێیان وابوو بە هوی  فێربوون و موتالای فەلسەفە و زانست باشتر دەتوان یارمەتی شارەزایی لە یاساکانی ئیسلامی بە دەسبێنن ، ئەبوو عەلا مەودودیی لە سەر ئەو باوڕە بوولە ڕوانگەی شەرع و لەباریی ئەخلاقیەوە کەڵك وەرگرتن لەو سەرچاوانە حەرامە و حەدیس و فەرموودەکانی ئیلاهی ، چ حەو جێ بە "تەفسیر"ناکا. ئەو  بە توندی لە دژی شێوە حکومەتەکانی ڕۆژئاوایی بوو، لای وابوو "حکومەتی خەڵکی

له ناكۆكی تەواو دەگەڵ یاساكانی ئیسلام دایە و لە ئایینی ئیسلامدا حكومەت تەنیا هی خوای گەورە و تەبارەک و تەعالایە.

ئێستا ئیتر لیرەوە دەبێ ، نۆرە بگاتە حەسەنی بەنا ."بەنا" یەكێک لە قوتابیەكانی ڕەشیدی ڕەزا و دامەزرێنەری یەكەم تاقمی ئیسلامی توندرەو بە ناوی "اخوان المسلمین" لە ساڵی 1928 زاینی لە میسر بووە. ئەم ڕێكخراوە هەوڵی دا موسڵمانان بۆ گەیشتن بە دوو مەبەستی سەرەكی بانگ هێشتن بكا. یەكەم ڕزگاركردنی وەڵاتانی ئیسلامی لە ژێر دەسەڵاتی وەڵاتانی ئیستعماری و دووهەم دابەشكردنی داهات لە سەر بناغەی دامەزراندنی حكومەتی عەدلی ئیسلامی. حەسەنی بەنا وەدیهاتنی ئەم مەبەستانەی لە گرەوی كار و تێكۆشانی بەرێوجێی سازمانی دا دەدی و شێوە خەباتی چەكداری بە تەنیا ڕێگا چارەسەر لە قەڵەم دەدا و داوای لە موسڵمانان دەكرد جیهاد بە ئەركێكی هەرە گرینگی ئاینی خۆیانی بزانن ودەیگوت: "مە بەست لە جیهاد ئەو واجب و ئەركە شەرعییەیە كە تا ڕۆژی قیامەت هەر ئەمێنی، و پێغەمبەر"صلی الله و علیه و آله" دەست نیشانی ئەكا و

ئەفەرمێ: من مات و لم یغز و لم ینو الغزو مات میته جاهلیه". و یەکەمین پلەی جیهاد نارەزایی دڵە، و دوا پلەی بەرنگارییە لە ڕێگای خوادا.

حەسەنی بەنا لە درێژەی ئەو بۆچوونەی دا ئیشارە بە مەسەلەی فیداکاری و لە خۆبردوویی موسڵمانان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان دەکا و لای وایە هەر کەس لە کاروانی فیداکاری خۆی بزر بکا، گوناح بارە و دەنووسێ: مەبەست لە فیداکاریی ، بەخشینی گیان و ماڵ و کات و ژیان و هەموو داراییەکی ترە لە پێناوی ئامانج دا، وە هیچ هەوڵ و جیهادێک بە بێ فیداکاری و قوربانیدان ناکرێت و هیچ قوربانی و فیداکارییەک لە پێناو بیرو باوەڕماندا نە تەنیا بە فیرۆ ناچێت، بەڵکوو پاداشی زۆر و کرێی شایستە بۆ فیداکاران دانراوە و هەر کەس لە کاروانی گیان فیدایی و قوربانیدان بکێشێتەوە دواوە سووچ بارو گوناهباردەژمیردەریی:" ان الله اشتری من المومنین انفسهم و اموالهم بان لهم الجنه" ، قل ان کان اباءکم و ابناءکم و اخوانکم و ازواجکم و عشیرتکم و اموال اقترفتموها و تجارة تغشون کسادها و مساکن ترضونها احب الیکم من الله و رسوله و جهاد فی سبیله فتربصوا حتی یاتی الله بامره و

اللـهلا يهدى القوم الفاسقين"، "ذالک بانهم لا يحسب ظما و لا نصب و لا مغمصه فى سبيل اللـه و لا يطون موطنا يغيط الكفا و لا ينالون من عدو نيلا الا کتب لهم به عمل صالح ان اللـه لا يصيع اجر المحسنين"، فان تطيعوا يوتكم اللـه اجر حسنا.

به مەش لـه دروشمی هەمیشەیی " مردن لـه رێی خوادا بەرزترین ئاواتمانـه". (الموت فى سبيل اللـه اسمى امانينيا) تێ ئەگەین.

حەسەنی بەنا وەک بناخە دارێژەری ئێخوان ولمسلمین ،کاکڵ و نێوەرۆکی ڕوانگەی خۆی لـه نامیلکەیەکی دا لـەم پێنج وتەی خوارەوەدا کۆدەکاتەوە و دەنووسێ:(خوا مەبەستمانە، پێغمبەر صلی اللـه..ڕابەرمانە، قورئان یاسا و بەرنامەمانە، جیهاد ڕێ و شوێنمانە،شەهادەت گەورەترین ئاواتمانە).

بەنا کاتێکیش کە دێتە سەر باسی ناسنامەی سیاسیی و فیکری ئێخوان و لمسلمین دەڵێ:هیندێک هەن ئێمە، واتە ئێخوان و لمسلمین تەنیا وەک جەریانێک دەبێنن کە حەز دەکات خەڵک لـە مەر"امر بە معروف و نهی لـە منكر"

ڕێنوێنی بکا، سەیر دەکەن. هێندێکی تر ئێمە وەک ڕێبازێک لە "تەسەووف " دەزانن ... بەڵام ڕاستی یەکەی ئەوەیە ئێمە خۆمان بە هیچ کام لەم دوو ڕەوتە فیکریانە نازانین. ئێمە خوازیاری گەڕانەوەی ئیسلامی ڕاستەقەینەین، کە هەم ئیمانە و هەم عەمەل، هەم ماڵ و هەم میللەتە، هەم ئایینە و هەم دەوڵەتە، هەم ڕۆحە و هەم لەشە و هەم قورئانە و هەم شمشێرە".

دیارە لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین، بیروباوەڕی ئێخوان ولمسلمین تەنیا لە میسردا نامێنیتەوە زۆر لقی تری لە وەڵاتەکانی عەرەبستان و سووریە و مەڕاکێش و ئەندونێزی لێ دەکەوێتەوە.

لە دوای حەسەنی بەنا، یەکێکی تر لە خاوەن نەزەرانی ئەم ڕێبازە "سەید قوتبە" بوو. ناوبراو یەکێک لە گەورەترین ئیدئۆلۆگەکانی ئێخوان و لمسلمین لە میسر بوو کە توانی بە نووسینی پتر لە چەندین کتێب و سەدان وتار دەورێکی یەک جار زۆر گرینگ لە سەر بیروڕای گشتی و بە تایبەتی لاوان لە میسر دابنێ.

ئاڕاستەی فیکری کۆمەڵەی ئێخوان لە سەر دەستی سەید

قوتب وەرچارەخانێکی ترسناکی بە خۆیەوە بینی. ئەم کارتێکەرییە بەرادەیەکە کە مرۆڤ بە ئاسانی بتوانێ بلێ سەرجەمی گروپە جیهادییەکانی سەردەمی ئێستا لە جیهان بینی و فیکری تیئۆری سەید قوتبەوە سەرچاوە دەگرن .

بە جۆرێک کە ئەمڕۆ گروپێکی سەر بە بزاوتی بونیادگەرایی ئیسلامی شک نابرێ، کە پەیڕەویی لە سەید قوتب و تێز و تیئۆریەکانی ئەو نەکات. هەر لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەر لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی دیسکۆرسی ئیسلامی هاوچەرخ پەشت بە کارەکانی سەید نەبەستێ، لە ناسین و پێناسەکردنی دیارەدەی بونیاتگەرایی ئیسلامی وەدەکەویی.

سەید قوتب کە لە بەندیخانەی عبدالناسردا گرینکترین بیروراکانی خۆی پەروەردە کرد، باوەڕی وا بوو کە ئیسلام لە مەترسیەکی گەورە دایە. بو ڕەواندەنەوەی ئەم مەترسیەش، ڕێگە چارەی لە هەلگیرسانی بزوتنەوەیکی ئیسلامی بە دەسپێشخەریی باوەڕداران و ئیماندارانی ئیسلامی دادەدیت، بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامی لە ریگای پەنا بردەن بو توندو تیژییەوە. سەید لە

ماوەی فەترەی زیندان لە ژێر کاریگەری دید و تێڕوانینی ئەبولئەعلائی مەودویدی دا گۆڕانێکی ریشەی لە بواری هزری ئیسلامیدا بە سەر داهات و لە بیریارێکی رادیکالی سیوسیولوژیەوە ، بەرو هێنانە ئارای گوتاریکی ئیسلامیکی دنیایی هەنگاوی نا.

سەید قوتب نیزامەکانی کۆمەڵایەتی جیهانی، بە دوو کەرت دابەش دەکرد:

نیزامی جاهیلی و نیزامی ئیسلامی. سەید لەو بڕگەیە لە ژیانی سیاسیی دا بە چڕیی لە چەمکی جاهیلیەت رامێنی و لە ژێر رووناکایی بیریی ئیسلامیدا چەمکی جاهیلیەت دەداتە بەر شرۆفە. بە براوی سەید لە نێوان کۆمەڵی ئیسلامی و کۆمەڵی جاهیلیدا چ پردێکی هاوبەش لە نێوانیان دا ناتوانێ لە ئارادا ببێ و هیچ ئایدیا وخەسلەتێکی هاو بەش لە توانای دا نیە پێکەوەکۆیان بکاتەوە . لە روانگەی سەید قوتبەوە جاهیلیەت بەو دۆخە ناوز دکرێ کە خودا چیدی سەروەر نیە و یاساکانی ئاینی سیلام لە لایەن مرۆڤەوە پەیرەو ناکری. بە لای قوتبەوە، ئەوەی لە دنیا دا بۆی هەیە حوکم بکات، ئینسان نیە، بە ڵکو خودایە. ئەو بە توندی دەژی هەموو جۆرە بیرێکی

فەرمانڕەوایی گەل بوو. لە دنیای بیری ئەو دا فەرمانڕەوایەکی وا، بە مانای قۆرخ کردەنی حوکمی خودا و جۆرێك گوناح و تاوانێکی گەورە دەهاتە ئەژمار. بەو هۆیە کە تاک ملکەچێ، تاکێکی تر دەبێ. بو دەرباز بوون لەم دۆخەش تەنیا ڕێگەچارەسەر جێ بە جێ کردەنی فەرمان خودایە. دان نانیش بە فەرمانڕەوایی خودا ڕێك بە مانای هەلایساندنی شۆڕشیکی هەمەلاینەیە بە دەژی حوکمی مرۆڤ. لە میانەی ئەمەش دا هەرکەسێك لە ریگای خودا لا بدا، دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە دنیای جاهیلیەت. سەید بانگەشەی نوخبە و کۆمەڵگای موسوڵمانی دەکرد کە دەبێ عەقیدە و بیرو باوەڕیی تەواویان، بۆ کۆی ئایەتەکانی قورئان و تەواوی پەیامی ئاسمانی هەبێت. هەر بۆیەلای وا بوو، ئایین دەشێت لە لایەن تاکی موسوڵمانەوە فەرزە، دەبێ هەمووی وەربگیریێت. واتە باوەڕی تەواومان لەسەر کۆی مفرەداتی ناو قورئان هەبێ. ناکرێت باوەڕ بە بەشێکی بکرێت و بەشێکی دیکەی فەراموش بکرێت. یا خو د لە ژێر تیئوری نادروست دا تەفسیریی هەلە بو چمکەکانی قورئان بکرێت و دژایەتی لەگەڵ دەقێکی تری قورئانی لی بکەوێتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، ناوبراو کۆمۆنیسم و سەرمایەدارشیی بە نیزامی جاهیلی نێو دەبرد، کە ناتوانن

چارەسەرێک بن بۆ پێشکەوتنی وەڵاتانی ئیسلامی. سەید قوتبیش وەک "مەودودی" و "حەسەنی بەنا" ، موسڵمانانی بۆ شێوەی ژیانی ئیسلامی بانگهێشتن دەکرد. واتە لە روانگەی ئەوەوە، ئەوە تەنیا رۆژئاوانیە لە دۆخیکی جاهیلیەت دادەڕێژێ، بەڵکو دونیای ئیسلام بۆخۆشی لە کەش وهەوایەکی جاهیلی دا هەواڕێی خستوە... راست لە وێستگەیەکی ئاوەهادایە بیرۆکەی جیهاد بە مانا توندو تیژییەکەی لە دەزگای بیرکردەنەوەی سەید قوتب دا دێتە خەملێن و پەروەردەبوون.

هاوکات لەگەڵ ئەوانە "سەید قوتب" زۆر بە توندی زانایانی ڕابردووی ئیسلامی دە دایە بەر ڕەخنە و سەرکونە کردن، کە تا ئێستا نەیانتوانیەوە بە پەشت بەستن بەخەباتێکی توند و تیژ، جیهاد بە دژی نەیارانی خودا رابگەێنن . سەید قوتب لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی جماڵ عبدلناسر کوتایی بە ژیانی هێنراو، لە بەربەیانیکی زوودا لە قاهیرە لە ساڵی 1966لە سیدارەدرا. بە لە سیدارەدانی سەید قوتب بونیادگەرایی ئیسلامی بیرمەندێکی هەرە گەورەی خۆی لە دەس دا، بەڵام مەرگی سەید بە مانای مەرگی رێبازی ئەو نەبوو. سەید لەماوەی ژیانی سیاسی وفیکریی خۆیدا بوو بە

داهێنەریی گەلێك چەمک و واتای گرینک. ئەو بوو، بە مانای راستەقینەی وشە، بنەماکانی دیسکورسی ئیسلامی هاوچەرخی دارڕشت. ئەو بەرە بەیانەی سەیدی تێدا لە سیدارە درا، ئەویی کرد بە رمزیکی هەتاهەتای لە نیو بازنەی لاینگرانی بیریی بونیادگەرایی ئیسلامی دا. هەرچەند سەید بە جەستە ولەش کوتای بە ژیانی هات، بە لام وەکو رێباز و بیر، سەریی بەناو ماڵیی هەموو بونیاد گەرایک داگرت. نووسینەکانی ئەو تا رادەی جنون، دەنەی هەموو بونیادگەرایکی دا بو ئینسان کوژی. هەر بۆیەش بوو، بەرهەمەکانی سەید قوتب هەر بە تەنێ لە میسر قەتیس نەمایەوە و، زۆر بە خێرایی لە سەر دەستان ئاودیویی وڵاتانی تر کرا. لیرە بە دواوە رۆژگاریکی سەخترو خوێناویتر لە مێژووی بونیادگەرای ئیسلامی و بە پشت بەستن بە روانگەکانی سەید، دەستی بە سەرهەڵدان کرد. بەر لە دەستپێکی کارو جوڵەی سەید لەجیهانی بیری ئیسلامی دا، دیاردەیەک نەبوو گروپی تەکفیری و تیئوری تەکفیری پی بگوتری. زاراوەگەلی جاهلیت و جیهاد و حاکمییەتی خودا، لەسەر دەستی ئەو زیندوو کرانەوە و بزاوتە ئیسلامییەکانیش بە خیرای باو بروسکە قۆستیانەوە. کاتێ ئەورۆ دەبێنین ریکخراوی داعش زۆر بە سانانی بە

نووکی خەنجەر سەر لە ملان دەپەڕێنێ، بەشێکی زۆری لە سایەی سەریی تیئوری تەکفیرکردەنی سەیە قوتبەوەیە و لە خەرمانی بیریی سەیدەویە خەرمان لۆخەی دەراوەتی. بە کورتی بڵێین، بو ئینسانی ئەوڕۆ میراتی ڕێبازی فیکری و سیاسێ سەید بوەمایەی ماڵوێرانی و کوشتارو قەڵت وبڕ و بەش مینەتی. بەرهەمەکانی ئەو نەتەنیا هیچ خزمەتێکی بە ئینسان نەکرد، بەڵکو ئەو پیاوە بوو بە باوکی روحی تاقمە جیهادی و تەکفیرەکان و دنیایەک لە نەهامەتی لە گەڵ خۆی بۆ جیهان هێنا. بەم چەشنە وەک دەبێنین دیارەدی بیری بونیاتگەرایی ئیسلامی قۆناخ و وێستگەی جۆراو جۆری بڕیوە و خاوەنی ڕابردوویەکی دوور و درێژی مێژوویيشە. بەڵام بەو جیاوازییە کە، ئەم بیرە ئەگەر لە ڕابردوودا وەک رەوتێکی زۆرتر فیکری لە ئارادا بووە، ئێستا ئیتر واتە لەم سەردەمەدا توانیویەتی وەک جووڵانەوەیەکی سیاسیی بە هێزی زیندوو لە پانتاییەکی بەرچاوی دونیادا کار و چالاکی لە خۆ نیشان بدا.

## زەمینە و هۆیەکانی گەشە و سەرهەڵدانی بونیاد گەرایی ئیسلامیی

بونیاتگەرایی ئیسلامی لەگەڵ ناهاوچەرخ بوونی، هەروا دیاردەیەکی بەهەڵکەوت و لە خۆڕا نیە، بەڵکوو بە هۆی کۆمەڵێک فاکتۆری مێژوویی وفیکریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە هاتووتە ئاراوە و بێ راوستان و دۆزینەوەی هۆکاریی لە دایک بوونی، ناکری قسە لە بنەبڕ کردەنیشی بکری. بەڵام هەروەک چۆن بۆ چەمکی بونیاد گەرایی ئیسلامیی لە لایەن ناوەندەکانی ئاکادیمی وروشنبیریی وسیاسییەکانەوە، دەستەواژەی جۆراو جۆری وەک، رابونی ئیسلامی، بووژانەوەی ئیسلامی، ئیسلامی سیاسیی و توندڕەو، بونیادگەرایی ئیسلامی، بوئەم بزاوتە بە کار دەهینری، هەر بە هەمان شێوەش بو دەس نیشان کردەنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە تا ئێستا روانگەی فرە جۆر خراوتە روو. ئیمەش لەم بەشەدا هەوڵ دەدین هەر چەند بەکورتیش بێ، باسیان لیوە بکەین .

# جیهانی ئیسلام و ڕۆژئاوا

هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئێستا، خەباتێکی کەم تا زۆری بەردەوام لە نێوان ئوروپای مەسیحی و دەوڵەتە موسوڵمانەکاندا لە ئارادا بووە. جیهانی ئیسلام لە سەردەمێک دا توانیبوی بەشێکی گەورە لەو خاکەی کەئێستا بە ئیسپانیا و یونان و یوگسلاوی و بولخارستان و رومانی ناسراوه بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بەڵام دواتر ئوروپاییەکان نە تەنیا توانیان سەرلەنوێ زۆربەی ئەو شوێنە دەس بە سەر گیرواندا بگرنەوە، بەڵکو بە هوی پەرەسەندنی دسەڵاتی تکنولوژی و سنعەتی(پیشەسازی) لە سەدەکانی هەژدەو نوزدە وە، ئەو هەلەیان بو رەخسا، تا ئەو سەری باکوروی ئەفریقاش بخەنە ژێر رکیفی خۆیانەوە. ئەم دۆخە بۆ شارستانیەتی ئیسلامیی کە خاوەن باوەڕەانی ئیسلام، دینەکایان بە بەرزترین و بالادەستترینی ئاینەکانی تریان لە قەڵەم دەدا، پەشۆکان وکارەسات ئامێز بوو. هاوکات لەگەڵ ئەم پاشخانە مێژوویيە، ڕووخان و لە ناوچوونی ئیمپڕاتۆری عوسمانی، پەرەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی... وڵاتانی ئیستعماری وەک " ئینگلیس

و فەڕانسە و پاشان ئەمریکا" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەڵکی موسڵمان نشینی ئەم ناوچانەی لە ئاست ئوروپای مەسێحی لەمەڕ لە کیس چوونی بایخەکانی فەرهەنگی و دینیان ، خستە مەترسیەوە و لەو کاتەوە بەربەرەکانێکی توند لە لایەن موسولمانەوە دەستی بە سەرهەڵدان کرد. واتە ئەگەر لە جیهانی مەسیحیەت بونیادگەرایی بزووتنەوەیەک بوو، بۆ دیفاع لە ڕێباز و مانەوەی دەسلاتی ئاینی لە حاند ڕەوتی بە سەنعەتی بوونی وڵات و پەرەگرتنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دەسکەوتنەکانی زانستی، دەستی بە سەر هەڵدان گرت، بە ڵام پرۆسەی پەرەگرتنی بونیادگەرایی لە وەڵاتانی ئیسلامی بە شیویەکی تر بوو. واتە ئەگەر بونیاد گەرایی لە جیهانی ڕۆژئاوا، دەژکردەوەیەک بوو لە حاند رەوتی بە سەنعەتی بوون و زال بونی شێوە بەرهمهێنانی سەرمایەداریی، کەچی لای خەڵکی وەڵاتانی ئیسلامی ئەم دۆخە بە پێچەوانەبوو. لیرە خەڵکی وەڵاتانی موسولمان نشین کاتێك لەگەل شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئاشنا دەبن کە، رۆژئاوا بە مەبەستی دەسبەسەرداگرتنی بازاری ئەو وەڵاتانە و بەمستعمرە کردەنیان کەوتە بەر پەلامار دانیان. واتە هەر

له سەرتاوە  بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە، هاتنی  نیزامی سەرمایەداری، یەکسان دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئیستعماریی و بە تالان بردەنی کانکا بەرە و وەڵاتەکەیان و لەوانەش گرینگ تر نیشان دانی کزی و لاوازی  وەپاش کەوتوویی کۆمەڵگای موسوڵمانان لە حاند دنیای رۆژئاوا. ئیتر لەو کاتەوە ، ئایینی ئیسلام بوو بە قەڵایەک بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئیستعماری ئینگلیس و فەرانسا، پاشان ئامریکا. هەر راست لەناخی بارو دۆخیکی ئاوا دا بوو، بیری بونیادگەرای وەخۆ دەکەوی و لە لایەن کەسانێکی وەک سەید جەماڵەدین و عەبدە و مەودودی و ڕەشید ڕەزا و بزووتنەوەی سەلەفیەوە، بە هێنانە گۆڕی گەڕانەوە بۆ پاراستنی هۆییەتی ئیسلامیی لە ئاست دەسەڵات و هێرشی کولتوری رۆژئاوا دێتەئاراوە.

# هاتنی مودیرنیتە

ئەم دۆخە بە دروست بوونی مودیلی دەوڵەت - میللەت و هاتنی مودیرنیتە لەو وەڵاتانە، ململانەیەی نێوان سوننەت و مودیرنیتەی بە لوتکەی هەرەبەرزی خۆی گەیاند. پیش لە هاتنی مودیرنیتە لە سیستمەمە نەریتیەکاندا جۆرە سازانێک لە نێوان دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاینی دا، هاتبوە ئاراوە. بو ئەم سازانەش لە دوو لاوە کار هاسانی کرا بوو. لە لایەک بە هوی ئەوەیکە سروشتی ئایین بە لای جیهانی نەریتی و بابەتی موقدس دا دەشکیتەوە، پتر لەگە ڵ دنیای نەریت دا لە حەوانەوە دایە تا دنیای مودیرن. لە لایەکی تریشەوە لە چاخی دەسەڵاتدارە نەریتیەکاندا وەکو ریکەوتنێکی نە نووسراو ،رێزی دەسەڵاتی ئاین و نەریت دەگێڕا. ئەمەش وایکردبوو، پێوەندی نێوان دەسەڵات و ئایین زۆر گرژی و ئاڵۆزی بە خۆیەوە نەبینی. بەڵام بە هاتنی دنیای مودیرن وسەرهەڵدانی کومگای نوێ، ئەم سازانە ئیتر نەی دەتوانی تووشی گرفت و پێك هەلپرژان نەیە. بەو هۆیە کە بە هاتنی دنیای مودیرن و لە میانەی ئەو گۆڕانکارییانە هاتنە ئاراوە، خەسارگەلێکی خۆیا بەر

پێگەی کۆمەڵایەتی ئایین و پیاوانی ئاینی کەوت. کەم بوونەوەی رۆڵی شەرعی ئیسلام لە ژیانی کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی مەحکمە عورفییەکان، دانانی رێ و شوێن و سیستمی نوێی قوتابخانە، دانانی وانەی نوێ لە ناوندەکانی پەروەردە و بارهێنان، بەشداری ژنان لە کاروباری دەوڵەتیی، جۆری پوشینی جل و بەرگ، کرانەوەی کازینۆ و قومارخانە و مەیخانە لە ناوندەی شارەکان هەموو بە مانای زیان گەلێك بوون لە ئایین و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی وەشاندەرا. هاو تەریب لە تەک ئەوانە، پەرەسەندنی سەرمایەداری شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا گۆڕی. لە جیاتی ژیان لە گوندەکان،ئاپۆرای خەڵك روویان کردە شارەکان. لە گوندەکانیش، بۆ کار کردەن لە جێگای مەڵەغان و داس و شنە و دەسگەنە و کۆڵ کێشان ، بۆ رەعەمل هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی ، تەراکتور و کومپانیا، ئاوەدانیی خستە دڵانەوە. رەنگە ئێستا زۆربەی ئیمە ئەو دەسکەوتانانە، بە ئاسایی و لاوەکی بزانین و سەرنج نەدینە ئەوەیکە ئەو ئاسانکارایانە چەندە لە مێژووی مرۆڤایەتی بێ وێنە و بێ هاوتان و چەندە کاریگەرییەیان لە سەر ژیان و کولتوری ئینسان داناوە، بە تەواوی بە هێند وەرنەگرین. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە لە

گەڵ داهاتنی هەرکام لەو کەرسانە، روخساری ژیانی کۆمە ڵایەتیش تازە کرایەوە. ئێستا ئەگەر لێرە دا لەو بەستێنە بترازین و ئاورٍ لە ئاکامی گۆڕانکارییە سیاسییەکانیش بدە ینەوە، لیرەش لەگەڵ هاتنی جیهانی نوێ، بەروپێشچوونی گرینگ هاتە ئاراوە. لە شارستا نیتە نەریتیەکاندا گۆڕانکاریە سیاسییەکان بە زۆری لە پاوانی نوخبەکاندا بوو. بو وێنەهەر دوور نەڕۆێن ، خیزانێکی ئەرستوکراتی لە شوێنی خیزانێکی ئەرستوکراتی تردادەنیشت، بێ ئەوەی گۆڕانێک لە ژیان و گوزەرانی خەڵك پێك بهاتبایە. بەڵام لە سیستمە سیاسییەکانی ئەمرویی دا کەم تا زۆر ئەوەش هاتە گۆڕان. گۆڕانی بەرپرسە حوکمیەکان و دەستاودەستکردەنی دەسەڵات لە حزبێکەوە، بو حیزبێکی تر کاری کردە سەر ژیان و ئاستی بەرێچونی خەڵك. جیا لەوانە هۆکارە فەرهەنگەییەکانیش کاریگەرییەگی زۆریان لە سەر ژیانی ئەمروییدا هەبووە. پێشکەوتنی زانست و رەوتی روو لە خێرایی بە جیهانی بوون لە گرینگ ترینی ئەو بوارەن. لەوانەش بترازین، کۆمەڵگا کانی ئێستا لە هەر روویەکەوە سەیری بکەی، کۆمەڵگایەکی کراوەن. ریژەی جموجۆلی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ئاسۆیی و ئەستونی، لە قەدەر کۆمەڵگایەی نەریتی، لە ئەژمار نایە.

رۆڵی دۆزینەوەی کار، لەو کۆمەڵگایانەدا بە زۆری پیوندەی بە پێگەی خزمایەتییەوە نیە، بەڵکو شارەزایی و پسپوریی بو دانی کار لە ئابووری ئەورودا دەور دەبینێ. بە کورتی بڵێین هیچ کەسێک نیە ئەوە رەت بکاتەوە ئالوگۆڕەکانی دووسەدەی رابردوو و کاریگەریەکی گرینگی لەسەر پەرەسەندەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ئابووری دا هەبووە. ئەم پرۆسەیە لە رەوتی بەرەو پیش چوونی خۆیدا سونەت و بەها تەقلییدەکانی داوتە دواوە. واتە هەتا هاتوە، سوننەت پاشەکشەی پێکراوە و بەها و نورمە نوێیەکان پتر باڵیان بە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کیشاوە. بە کورتی بڵێین ئەم دۆخەی هێنامانە پێش چاو، لە هیچ باریکەوە نەیدەتوانی  دڵخوازی بونیادگەرای ئیسلامی بێت. بە پێچەوانە، بە لای بونیاد گەرایی ئیسلامییەوە، هاتنی ئەم کەشە نوێیە، بو جیهانی ئیسلام وەک بەڵایە. بە لای بونیاد گەراییەوە، جیهانی هاوچەرخ لە داوێنی خۆی دا ئینسانگەلێکی گەندڵ، بێ خێرو بیر و بێ باوەڕی پەروەردە کردەوە. خۆزیا و بریا و کەڵکەڵی هەرەگەورەی بونیاد گەراییش، گۆڕینی سەرتاپای ئەو دۆخەیە. دروست کردەنی مرۆڤی پاکژ و بەئاکارە. قەدخەکردەنی هەموو ئەو شوێنانەیە ئینسانی ئەورویان

لە خشتە بردەوە. ئاوەدان کردەنەوە مزگەوتی پترە، فەرز کردەنی ریش و پرچی درێژە، پۆشینی جل و بەرگی رەشە، حەرام کردەنی گۆڕانی سەماو وهەڵبەستە. ئیعدامی تلە ویزیۆن و سینەمایە، دەسرێژ لە ژنی روخسار دیارە. بە بڕوای بونیاد گەرایی لە دۆخی ئێستادا ئەرکی هەر تاکیکی موسوڵمانە، لە حاند ئەم کولتورە جیهانییە، جیهاد و شەڕی سەرو ماڵ وەڕێ بخات. بە پشت بەستەن بەم راستییانەی خرانە روو، ئەو روانگەیە لای وایە بونیاد گەرایی ئیسلامیی دیاردەیەکی بە تەواوی  نوێیە و بە وێنەی دژکردەویەکە، لە حاند رەوتی بە جیهانیبوون و هاتنی مودیرنیتە هاتووتە ئاراوە. واتە بە بێ مودیرنیتە، نە دیاردەیەک بە ناوی بونیاد گەرایی دیتوانی لە ئارادا هەبێ، وە نەش هیچ مودیرنیزمێکیش پیوسیت بوو، بوونی هەبێ. بە پێی ئەم روانگەیە، بونیادگەرایی، ئانتی تیزی مودیرنیزمە.  بە گوێرەی ئەو خوێندنەوەییە، تەنیا لە دووتوێی دوو، یان سی دەیەی ساڵانی ئەم دوایی یانەیە، واتا و چەمکی بونیاد گەرایی  وەک دەستە واژەیەکی گشتی بە کار هێنراوە. ئیتر لەو کاتەوەیە، ئایینی ئیسلام  لە زۆربەی  ئەو وەڵاتانە دا، لە دژکردەوە لە حاند مودیرنیزم و لیبرالیزمی رۆژئاوادا، نێورەووکێکی سیاسی بە خۆیەوە گرتوە و بەتەواوی لە گشت

بوارەکاندا لە چوارچێوەی حیزب و بزوتنەسیاسییەکاندا، بۆتە ئیدئولوژیکی سیاسی. بەم پێیە بە هاتنی کۆمەڵگای مودیرن و نائاییینی بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاست لە چاخی نوێی دا و تێك روخانی جیهانی کۆن، شیمانەی دەست تیورەدانی ئاییینی لە سیاست دا بەرز بووتەوە ، لە هەمان کاتیش دا هەڕەشەکانی کۆمەڵگای مودیرن بەستینێکی نوێی، بۆ بە هێز کردنی پوتانسییەلی سیاسی ئایین دەستەبڕ کردەوە. بەو مانایە، بونیاتگەرایی ئیسلامی بە بیانووی بەرەبەرەکانی دەگەڵ "مودیرنیتە ئەو پەڕی هەوڵی خۆی داوە نەریتخوازی وەخەبەر بێنی و بیروڕای خەڵکی بە دەژی جیهانی نوێ بهەژێنێ. لەونێوەش دا وێنە و دۆخی ئاڵۆزو قەیراناویی شارەکان، بەیەکیکی تر لەو هۆیانە دەدرێتە هەژمار، بۆ پەرەگرتنی دیاردەی بونیاد گەرایی لە جیهانی ئێستا دا. کوچی بەردەوام لە گوندەکانەوە و بۆ ناوەندی شار ەکان، بۆتە هۆکارێکی پشێوی و ناسەقامگیریی و لە هەمان کاتدا پەنا بردەن بۆ گروپەکانی سەر بە تەیاری بونیاد گەرایی ئیسلامی. لەگەل ئەوتەوژمەدا، کۆمەڵێك گرفتی گەورە رووی کردووتە ناوندەی شارەکانەوە. دروست بوونی گەڕەکە هەژارەکان لە قەراخ دڵی شارەکان، یەکەم نیشانەی ئەو گرفتەیە. بوونی

ئەو گەڕەکانە بە ئاشکرا قسە لە دوو جۆر ئاستی ژیان و گوزەران و هەڵاواردەن دەکات. لە لایەکماڵی کارتونی و نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزاری و پیراگەیشتنیک، لە لایەکی تریشەوە بوونی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان بە مانای یەکەم راچڵەکانێکی کولتوریی دەژمیردەری لە ناو هەناویی گەڕکە هەژارەکاندا. ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە سەرێکەوە ریشەی خۆیان لە گوندەکان لە کیس داوە، بەڵام لە سەرێکی تریشەوە نەیان توانیوە شوناسێکی شاری وەربگرن. تێپەڕبوون بەو دۆخە دژوارەدا، هەلێکی لەبارە بۆ نواندنی جموجوڵی بونیادگەرایی لە گەڕەکە هەژارەکاندا. لەم کاتانەدا بونیاد گەرایی ئیسلامیی وەک ئایدولوژیایەک ئەو پەڕی هێزی خۆی بەکار دێنێ بو ئەوەی پێناسەیەکی نوێ بەو کەسانە ببخشێ کە پێوەندیی و رایەلکەی کۆمەڵایەتی و روحیی و کولتوریی خۆیان لە ناوندیی شارەکاندا لێ وەن بووە. بۆ ئەو مەبەستەش، تیدەکوشی لە تەک کەسانی پەراوێزخراو ونامۆ، بە راوێژ و زمانێکی ساکار و راشکاو لە جیهانبینی بڕواداران بدوێ. بونیاگەرایی لە وەختی وا دا هەول دەدا ،هەستی بەرهەلستکاری لە خەڵك دا وەجووڵێنێ و بو بەرنگارابوونەوەیان مزگینی ژیانیکی ئایدیالانەی ئیسلامییان بە گوێدا دەسرکێنێ. لەم کاتانەدا

بونیاد گەرایی هەموو ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتیانەی کە دەسەڵات خۆی لێ دەدەزیتەوە، بە دانی بەڵێینی و مزگێنی گەورە، بە زیادەوە دەگرێتە ئەستوو. لە و دەمەش دا توێژی لاوان یەکەم نێچیری ئەم ڕاوەن بو لە خشتە بردەن. ڕێژەی زۆری بێکاریی، نەمانی ئاسایشی دەرونی، نەبوونی ناسنامەیەکیی کۆمەڵایەتی، لە ئارادا نەبوونی دادەیی کۆمەڵایەتی، گەندڵی دەوڵەتەکان بۆ رووبەروو بوونەوە لە گەڵ گیرو گرفتەکان، بوونتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەندامەتی کۆڕ و کۆمەڵە فوندەمینتالیستەکان بە هێزی لاوان پڕ بکرێتەوە.

# شکستی سێ ئیدئۆلۆژی

هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە، شکستی سێ ئیدئۆلۆژی لەم وەڵاتانە، ناسیۆنالیزمی تورکی واتە ئاتۆرکیسم، ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ناسریزم و سوسیالیزمی عەرەبی، بەعسیزم دەکری بەهۆکارێکی هەر گرینگی تری گەشەکردەنی خێرای بزووتنەوەی بونیاتگەرایی ئیسلامی لە سیساڵی ڕابردووی ئەو وەڵاتانە لە قەڵەم بدرێ. هەرەسی ئەم سێ ئیدەئولوژییە ئەو هەلەی بۆ بونیاد گەرای ئیسلامی رەخساند کە دەتوانێ وەک ڕێبازێکی تاقانە، کۆمەڵگای موسڵمانان لە ئاست هێرشی فەرهەنگی ڕۆژئاوا بپارێزێ و لە هەمان کاتیش دا دەتوانی رێگە چارەسەری گیرو گرفتەکانی نێوخۆی ئەو وەڵاتانە وەڵام بەداتەوە. لەوەش گرینگ تر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەڵاتانی سۆسیالیستی بەری، بەگشتی و کزی لاوازی بەرەی چەب بە تایبەتی، بۆشایی یەکی فیکری گەورەی بۆ ئینسانی ئێستا دروست کردەوە. بونیاد گەرایی بە قامک دانان لەسەر شکستی هەرکام لەو قوتابخانە فیکرییانە، جیهانبینی خۆی وەک رێبازیکی تاقانەی ئەو

سەردەمە خستووتە روو کە تەنیا  ئەوە دەتوانی چارەسەریی هەموو ئەو گرفتانەی لە لایە. هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لە ئێران و هەولەکانی هەناردەکردەنی شۆڕشی ئیسلامیی بو دەرەویی سنورەکانی ئیرانیش دەتوانێ هۆکارێکی تر بێ، بۆ پەرەگرتنی هەرچی زیاتری شەپۆلی بونیاتگەرایی ئیسلامی لە هەموو ناوچەکەدا. جگە لەهەموو ئەوانە دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لایەنگریی وەڵاتانی ڕۆژئاوا لەم دەوڵەتە ئەوندەی تری ڕەق و بیزاریی خەڵکی وەڵاتانی موسڵمانی بەرانبەر بە ڕۆژئاوا پەرە پێدا وە و زەمینەی زیاتری بۆ گەشە سەندنی ئەو بیرە خۆشکردەوە.

بەم جۆرە وەک دەبێنن، پەرەگرتنی بونیادگەراریی ئیسلامی لە ئاکامی هۆکارگەلێکی فرەجۆر، هاتۆتە ئاراوە. هەرکام لەو هۆکارانەی لە میانەی ئەو باسە ئامازەیان پێکرا، لە شوێن و جێگای خۆی دا گرینگی تایبەتی خۆیان هەیە. هەرکامیکیان بە نورەی خۆیان دەتوانن دەربڕی بە شێك لەو راسیتیانە مان بۆ دەس نیشیان بکەن، بۆ  هۆکاری سەرهڵدانی دیاردەی بونیاد گەرایی لە جیهانی ئێستا دا. بەڵام لێرەدا هێشتا وەڵامی پرسیارێک بە بێ وەڵام

ماوەتەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە، داخوا ئەوە هەر بەتەنیا، هاتنی مودیرنیتەیە، بونیادگەرایی لە داوێنی خۆی پێی دەگەینێ. یا خۆ، شکست وناکامی مودیلەی دەوڵەت نەتەوەیە، بونیاد گەراریی دەهورۆژێنێ.  یا توو بلێی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و هەڵوەشانەوەی کومونیسمی روسییە، رێگای بۆ مەیدان داریی بۆ دنیا گەرایی ئاوالە کردەوە. ئەی داخوا دەبێ دەقەکانی ئەو ئایینە چ روڵ و دەورێکیان  هەبێ لە میانەی ئەو باسەدا؟

راستییەکەی ئەوەیە زیادمان نەگووتەوە، ئەگەر بڵێین روڵی هۆکارە فیکریی و بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئایینە، ئەگەر لە هۆکارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان زیاتر نەبێ ، کەمتر نیە. هۆکارە فیکیرییەکان بنەمایەکی تیئوری بو هەڵسوکەوت و جموجۆڵی ئەو دەستە و تاقمانە دیاری دەکەن، کە سەر بە ماڵباتی بوێنادگەرایی ئیسلامین. کاتی ئەو ئایینە دیبێنێ، دنیا بە سەر دوو جەمەسەر یی چاکە و خەراپە، ڕەش و سپی ، ئیمان و کوفر، حەلاڵ و حەرام دابەش دەکات، راستەو خۆ دەرگای لە سەر گازەرای پشت بۆ هەموو جۆرەکانی توندو تیژییەک خستووتە سەر پشت. ئەوانەی

لایان وایە توندرەویی و ئیسنان کوژیی و بێڕەحمی بونیاد گەرایی، بەرئەنجامی سیاسەتی دیکتاتووریی دەوڵە تانی ناوچەکەیە، لە راستی دا چاویان لە بنەما فیکرییەکانی ئاینی ئیسلام نوقاندەوە و بۆ رێگەدان بە کوشتار و نواندنی زبرو زەنگ و توندوتیژیی. لە هەر رووییەکەوە لەو جۆرە خوێندنەوانە بڕوانین، شتێکی ئەو تویان بۆ گوتن لا نیە. بونیاد گەرایی ئیسلامی بەرلەوەی بزاوتێکی رووتی سیاسی بێ، رەوتێکی فیکرییە لە سەر بنەمایەیکی فەلسەفیی. کیشەی ریفورم کردەن لە ئائینی ئیسلامدا کارێکی هاسان نیە. کیشەی ئیسلام بۆ ریفورم کردەن لەگەڵ مەسییحیەت تارادەیک لێک جیاوازە. بەربەست لێرەدا تەنیا بوونی دە سەڵات و کۆمەڵێك دامەزراوەی ئاینیی نیە. گرفتەکە ئەوەیە بنەماکانی ئاینی ئیسلام بە پلەی یەکەم سەرچاوەی ئەو توند و تیژیانن. ئەگەر لە سەرو بەندی ئێستا دا بمانەوێ ئاییینی ئیسلام دەقاودەق لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان دابەزینین، هەر خۆمان لە خانەیەکی هاوبەش لەگەڵ هێزێکی وەک داعش دا دە بێنینەوە. لە راستی دا لە زۆر گوشەنیگاوە جیهانبینی داعش درێژکراوەی مێژووی ئەو بیرەئاییینیە. کوشتنی مورتەد، رەجمی زیناکار، خاشەبڕکردەنی کەمایتیەکانی

تری ئاینیی، سەربڕین، هەموو ئەوانە لە زمرەی ئەحکامی شەرعی ئیسلام و دەقەکانی قورئان و حەدییسان لەسەرە. ئەوی ئێستا داعش بەڕێوەی دەبات، درێژەی مێژووی جیهادی ئیسلامیی و سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییە. داعش تەنیا، هێزێکی لاپرەسەنی و شەللاتی، بی شوناس نیە. شوناشی داعش ، شوناسێکی ئایینیە. داعش و گشت هێزێکی بونیاد گەرایی، هەڵقوڵاوی هەناویی ئەم ئایینەن. هەموو دەقەکانی ئەم ئایینەش، شانەیەکی نووستووە، بۆ هەستانی بونیادگەرایی. هەر بۆیەزۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین، بونیاد گەرایی پێش ئەوەی دژکردەویەک بێ، لە حاند مودیرنیتە و سیکولاریزەیشین، بەرهەم و هەڵقوڵاویی جەوهەری فیکر و ئایدولوژیای ئاینی ئیسلامییە. لەو نیوەدا هاتنی مودیرنیتە و جیهانی نوێی  و لاواز بوونی نورمە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان، تەنیا دەتوانی نەخشی هاندەر و بزوێنەریان هەبێ بۆ جوڵاندنی بونیادگەرایی. قورئان کتێبی پیروزی موسوڵمانان لیوانلیوە لە هاندانی ئیمانداران بۆ جیهاد لە ڕێگەی خودا دا. جیهاد بە دژی هەم ئەو کەسانەی کە ئیمانیان نە هێناوە و هەم بە دژی ئەوانەی لە کۆمەڵی ئیسلامیی دا کوفر و گەندڵیان بەرهەم هێناوە. بە کورتی بڵێین، بۆ تێگەیشتن لە بونیاد گەرایی ناکری

تەنیا لە روانگەیەکی تاک رەهەندێیەوە، هەوڵی پێناسە کردەنی بدری، بەڵکو پێویستە هەم لە لایەک سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە  بە گوێرەی دەق و  بنەماکانی ئەو ئایینە ئانالیز بکری و هەمیش لە لایەکی ترەوە وەک  دەژکردەیەک لە حاند مودیرنیتە وگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی دنیای ئەورۆ پێناسەی بۆ بێتە ئاراوە. لەگەڵ هەموو ئەوانە، گشت نیشانەکان لەوە دەدوین، عومر و تەمەنی بونیاد گەرایی لەم سەدەیەدا هێشتا جارێ زۆری بە بەرەوە ماوە وهەر بەو پێ یەش  گەڕان بە دوای ناسینی ئەم پەتایە، لە سەرەتا و دەستپێکی کاردایە.

Deutsche Literatur:

1. Islamischer Fundamentalisus und Scharia, Hans-Uwe Scharnweber,TORO-Verlag Hamburg / 1993

---------------------------------------------------

2- Machiavelli und seine Zeit, Marcel Brion, Eugen Diederichs Verlag, 1957

---------------------------------------------------

3. vom Gottesreich zum Nationalstaat, Bassam Tibi, Suhrkamp, 1987

---------------------------------------------------

4. Krieg der  Zivilisationen, Bassam Tibi, Wilhelm

Heyne Verlag Muenchen, 1995

-----------------------------------------------------

5. Fundamentalismus im Islam, Bassam Tibi, Pfrimlus Verlag,1980

-----------------------------------------------------

6. Der Himmel ist fuer Gott, der Staat fuer uns, Albrecht Metzger, Lamuv Verlag, 2000

-----------------------------------------------------

7. Der religioese Fundamentalismus, Klaus Kienzler, Verlag C.H. Beck, 1999

-----------------------------------------------------

8. Fundamentalismus und Nationalstaat, Oezay Mehmet, Eurpaeische Verlagsanstalt, 1994

--------------------------------------------------

9.Fundamentalismus ein Phaenomen der gegenwart,Christian J.J□ger,David J.Krieger

--------------------------------------------------

10.Habermas ,Juergen, Was heisst Universalpragmatik?In.Apel,Karl-Otto:Sprachpragmatik und Philosophie,Frankfurt,Suhrkamp

--------------------------------------------------

11.Berger.Petre und Luckmann,Thomas,Die gesellschaftliche Konstruktion der Wirklichkeit. Eine Theorie der Wissenssoziologie, Frankfurt,

Fischerverlag,1980

------------------------------------------------------

12.G.W.F Hegel, Vorlesungen der die Philosophie der Geschichte

------------------------------------------------------

13.Huntington,Samuel P.Kampf der Kulturen,die neue Gestaltung der Politik im 21.Jahrhundert

------------------------------------------------------

14.Michael Baigent.Richard Leigh,Verschlussache Jesus, Die Qumranrolle und die Wahrheit ueber das fruehe Cristentum,Droemer Knaur,1991

------------------------------------------------------

15.Fundamentalismus in der modernen Welt,Thomas Meyer,Frankfurt,Suhrkamp,1989

------------------------------------------------------

16.Ich verspreche euch den Himmel.Geistlicher Anspruch,gesellschaftliche Ziele und kirchliche Bedeutung des Opus Dei,Hertel,Peter,D□sseldorf,Patmos:1985

------------------------------------------------------

17.Fundamentalisten,Evangelikale,Enthusiasten,Formen kommender Religionen:Stolz,Fritz,1987

------------------------------------------------------

18.Bassam Tibi:Maxime Rodinson,der Islam und westlichen Islam Studien

-----------------------------------------------------

19.Maxime Rodinson;Islam und Kapitalismus,Suhrkamp,Frankfurt,1966

-----------------------------------------------------

20 - islamischer , fundamentalismus, moderne wissenschaft und technologie. bassam tibi.

-----------------------------------------------------

سەرچاوەکوردیی:

ئینترناسیۆنالیزمی دینی و دیاردەی فرەنەتەویی، فەرید ئە
سەسەرد، گۆڤاری

سیاسەتی دەوەلی، ژمارە11

-------------------------------------------------------

ئیسلامی سیاسی، شوان ئەحمەد

-------------------------------------------------------

منابع فارسی:


اندیشه‌سیاسی در اسلام معاصر، حمید عنایت

-------------------------------------------------------

سیری در اندیشه‌سیاسی عرب ، حمید عنایت

-------------------------------------------------------

تاریخ نهضت های دینی – سیاسی معاصر، دکتر علی اسغر حلبی

-------------------------------------------------------

حکومت اسلامی، خمینی

-------------------------------------------------------

نوگرایی دینی، نقد و بررسی جنبش اسلامی معاصر، به کوشش حسن یوسفی و اشکوری